
دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

# دواڕۆژ

٢٠٢٦/١/٤ـ ١٤ی بەفرانباری١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤١

dwaroj.net

ڕێنسانس یا بووژانەوەی کۆمەڵگای ئۆرووپا



٤

کاری منداڵان؛ برینێکی شاراوە لە کۆمەڵگا



٥

سەرنجێکی کورت لەسەر دۆخی گشتی چینایەتی



٦

## سەروتار

### کوردستان ترپەی دڵی شۆڕش و ئاگری ژێرخۆڵەمێشە....!

**عەزیز ئاجیکەند**

گەشەی وشیاری و چینایەتی و سیاسی و لادان لە باوەڕە کۆنەکان و هەنگاو بۆ گۆڕینی دۆخی بە زۆر داسەپاو و تێپەڕ بوون لە کۆماری ئیسلامیی و روخاندنی، بەرهەمی خەباتێکی ٤٧ ساڵەی خەڵکی کوردستانن کە بە خوێن ئاودراوە و بە هەزاران فیداکاری و لەخۆبردوویی تۆمار کراون. ئەم هەنگاو و هەوڵانە ئەگەرچی نەیاتوانیوە ڕژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی بە چۆک دابێنێت بەڵام خاوەنی دەرس و ئەزموونی بە نرخە و خاوەنی پەیامی روون.

جۆش و خرۆش و شۆڕش و ئاخێزەکان و تەنانەت دروشمەکانیش لە کوردستان جیاواز و تازەن و پەیامی روونیان هەیە. لێرە خەڵک وشیارن. ئاخێزەکان وەک هەورە بروسکە لە ئاسمانێکی ساماڵەوە دێن. کوردستان خاوەنی گەلێک دروشمی تایبەتی و جیاواز و ئاخێز و مانگرتن و خرۆشانە کە هەرکامیان خولقێنەری گۆرانی هاوسەنگی هێزن لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا و بەستێنێکی بەهێز و گونجاویشن بۆ گەشەی خەبات. بەستێنێک کە بۆتە هۆمێدی سەرجەم ئاخێزەکانی دەرەوەی سنورەکانی کوردستان و دڵگەرمی خەباتی بێبەشان لە ناو شارەکانی تری ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکەی تاران. ئاخێزە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆشەو کەناری کوردستان بە دروشمی جیاوازەوە لە هەڵکشاندان. ئەم دروشمانە لە مێژینەن و خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامیین. دژی دەسەڵاتی پاشایەتی بوون و هەن و مێژوویەکی پرشەنگداریان هەیە و لەم سیستمە تێپەریوون. دژی دەوڵەتی ڕەگەز پەرەست و ناوەندگەران و دژی سێدارە و دژی کوشتنی بە ئانقەستی کۆڵبەران و دژی دیکتاتۆری و داگیرکارین. خەڵکی کوردستان خوازیاری سەربەخۆیی سیاسی و گەیشتن بەدەسەڵاتی خۆیانن. دژی چەوسانەوەن و شا و شێخ و مەلا و ئاغای باڵا سەریان ناوێ. ئەوان یەکسانیخوازن، رادیکاڵن، شۆڕشگێڕن. لە کوردستان دروشم و ئاخێزەکان بە ڕۆژن و لە هەر کات و ساتێکدا چەخماغەی شۆڕشێکن وەک دروشمی ژیرانەی: ژن ژیان ئازادی.

بێکاری و گرانی لەوپەڕی خۆیدایە و کوردستانی بە هەموو شێوەیەک تەنیوە. زەوت کردنی ئازادی و شەپۆلی دەستبەسەرکردنی بەربڵاو لە شارەکانی کوردستان بە بیانوی پروپوچی وەک تەبلیغ لە دژی نیزام، کۆبوونەوە و هاوکاری لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی کوردستان،

...بۆ ل ٢

# حیزبە کوردستانییەکان و پێویستی دیاریکردنی ئەڵتەرناتیڤی داهاتوو

## هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی درۆینە وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی خەڵک نییە





شەپۆلی نوێی ئاخێزی جەماوەری کە لە هەشتی مانگی بەفرانبارەوە بە ناڕەزایی دەربڕینی بازاڕییەکانی تاران دەستی پێکردووە و ڕۆژانی دواتر بەرینتر بووەتەوە و زۆر شار و شارۆچکەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی گرتووەتەوە، کاردانەوەیەکی کاتیی نییە. ئەم ئاخێزە وەڵامی خەڵکە بۆ قەیرانی قووڵی پێکهاتەی سیاسی و ئابووریی کۆماری ئیسلامی، قەیرانێک کە دەری دەخات ناڕەزاییەکان بەرامبەر بە دۆخی نالەباری ژیان و ئابووری و گوشارە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە جاران گرێدراوی چارەنووسی سیاسییە.

بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا گەیشتووەتە قۆناخێکی یەکلاکەرەوە، قۆناخێک کە تێدا دژبەریی نێوان زۆرینەی خەڵکی بەشخوراو (نەتەوە ژێردەستەکان، ژنان، کرێکاران و چینی کەمداهات، لاوان ) لەگەڵ سیستەمی سیاسی و ئابووریی زاڵ، ئاشکراتر و ناسازگارتر لە جاران دەرکەوتووە. ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقام و کۆڵانەکان، شوێنی کارەکان، بازاڕەکان و زانستگاکاندا ڕوو دەدات، ئاکامی کەڵەکەبوونی ساڵانێک ستەم، چەوساندنەوە، هەڵاواردن و بێبەشکردنی سیستێماتیکی زۆرینەی خەڵک لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیانە.

...بۆ ل ٢

### تایبەت

#### قەیرانی ئابووری و سەرکوتی سیاسی لە ئێران




**حەمەی حەکیمی**

ساڵانێکە بە سەرکوت و سوکایەتی تێدەپەڕێ، سەرکوت بووەتە شتێکی باو لە ئێران و هەر کەس داوای مافی خۆی بکات، بە شێوەیکی زۆر دڕندانە سەرکوت دەکرێت، دوای شەڕی دوانزە ڕۆژەی رژیم لەگەڵ ئیسرائیل زیندانەکان پڕ بوون لە گەنجانی ئێرانی بە تایبەتی کورد. ساڵی ڕابردوو لانیکەم زیاتر لە ٢٥٠ ژن لەلایەن هێزە ئەمنیتیەکانی ڕژیمەوە ...

...بۆ ل ٣

### کۆمەڵایەتی

#### نەوەی Z: عەقڵانییەت لە جیهانێکی ناجێگیردا



**ڕۆژین کەرەم وەیسە**

لەگەڵ خێرابوونی گۆڕانکارییە جیهانییەکان لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا، ئابووری، کولتوور و سیاسەت، چەمکی "نەوە" زیاتر لە جاران بووەتە پرسێکی شیکاری. نەوەکان چیتر تەنیا گروپێکی هاو تەمەن نین، بەڵکو هەڵگری نەخشە جیاوازەکانی ئەزموونی ژیان و سیستەمی بەها و شێوازەکانی کردەی کۆمەڵایەتین.

...بۆ ل ٩

### جیهان

#### سیاسەتی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ



**د.محەمەد حسێن زادە**

وڵاتانی ڕۆژاوا بە باشی دەرک بەو ڕاستییە دەکەن و لێی تێدەگەن بۆیە لە پاڵ ئەوەدا کە بێ ئەملا و ئەولا بڕوایان بە جێبەجێکردنی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێوخۆییدا هەیە، زۆر جاریش دەبینین کە لە سیاسەتی دەرەوەدا لە مافی مرۆڤ وەک ئامرازی دابینکردنی بەرژەوەندییەکان کەڵک وەردەگرن و سیاسەتی دووفاقە یان جیاواز لە بەرانبەر ئەکتەرە جیاوازەکاندا دەگرنە بەر....

...بۆ ل ١٠

## دریژەی سەروتار

بەردەوامە. دەیان هەزار کەس لە ژنان و پیاوانی بەساڵاچوو، لاو، خوێندەوار و نەخوێندەواری کوردستان مەجبوورن بۆ بژێوی خۆیان و بنەماڵەیان رووبکەنە کاری پڕ مەینەتی کۆڵبەری. مناڵەکان لە بری چوونە مەدرەسە و کایە کردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان، دەبێ جەستەی ساوایان لە ژێر فشاری کاردا بژاکێ. لەش فرۆشی، فرۆشتنی گورچیلە، خەوتن لە سەر کارتۆن و ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان بەرهەمی دەسەڵاتێکی نابەجێن.

ئەمرۆ بزووتنەوەی ٤٧ ساڵەی خەڵکی کوردستان کە بە دەستکەوتە کۆمەڵایەتییە درەوشاوەکانی کە هەیەتی، ئاسۆیەکی نوێی بەڕووی سەرجەم کۆمەڵگادا کردۆتەوە کە هەنوکەش دەتوانێ وەک هەمیشە ئاوێنەی باڵانوێن بێ.»شەقام»ی کوردی بەبەردەوامی گۆڕەپانی ناڕەزایەتیەکان بووە. شەقامێک و دەنگێک کە سیاسین و ستراتیژێیکی تایبەتیان لە پشتەوشوێنی هاوپشتیی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، سیاسەتی ڕادیکاڵ و دەرخستنی توانا و وزە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگایە. لە کوردستان، شەقام شوێنی بەیەک گەیشتنەوەی بەرینترین خواست و داخوازییەکانی جەماوەری بێبەشە. خاڵی بەیەک گەیشتنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و ڕادیکاڵەکانە. شەقامی کوردستان ئەو شوێنەیە کە ڕێکخستن، یەکگرتن و سۆزو هاوپشتیی جەماوەری تێیدا سەر هەڵدەدات و گەشە دەکات و سەرەنجام ئاسۆی ڕوون وسەنگەری تازە دەخولقێنێ. ئەمانە پێناسەی شەقامی کوردین کە خاوەنی ٤٧ ساڵ خەباتی بێ وچانە و درس و ئەزموونی خۆی هەیە. لە کوردستان خەباتی خەڵک کە لە شێواز و فۆرمی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێ، هەوێنی خەباتێکی مێژووین کە هەموو بنەما فیکری و سیاسی و کولتوورییەکانی کۆماری ئیسلامیی و دەسەڵاتێکی لەو چەشنە لە پێش و لە ئێستا دەکەنە ئامانج .

لە ئێستادا دروشمی خەڵکی کوردستان دیار و روونە و بەرهەمی زیاتر لە چوار دەیە خۆڕاگری و خۆبەختکردنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە شۆڕشی ژینادا خۆی نواند. شۆڕشێک کە لە کوردستان ئاستی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و مافخوازی و عەداڵەتخوازی و یەکسانیخوازیی بەرزتر کردووەتەوە و لە سەر جیلی نوێ کاریگەریی حاشالێنەکراوی دانا و پاشگەزیش نابێتەوە.

کوردستان پاش تەحەمولی ٤٧ ساڵ ڕەنج و ئازار و بێبەشی و چەوسانەوە، لەئێستادا تینووی شۆڕشێکی دیکەیە. شۆڕشێک کە ئەمجارەیان کۆنترۆڵ نەکراو بێت. پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و ئاگری توورەییەکی پەنگخواردوو کە هەردەم گۆشەیەکی بڵێسە دەستێنێت، نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مێژووییە کە بەڕێوەیە. ئاڵوگۆڕێک کە دەتوانێ گرێی کوێری ئێستای هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە. شۆڕشێک کە مزگێنیدەری ڕزگاریی ئەم کۆمەڵگایانە بێت لە چەوسانەوە و ستەم و نایەکسانی.

شۆڕشی کوردستان بە بەشداری ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، ئاگرێکی داگیرساند کە هەتا نەهێشتنی ئاسەواری دەسەڵاتی نەحسی کۆماری ئیسلامیی و لە گۆرنانی ناکوژێتەوە. کوردستان ترپەی دڵی شۆڕش و ئاگری ژێر خۆڵەمێشە. لەگەڵ بچووکترین دەرفەت دەتوانێت دیسان بڵێسە بستێنێتەوە و ئاخێزێکی تر و شانازییەکی تر هاوشێوەی شۆڕشە مەزنەکەی ژینا بخولقێنێت و ئەم جار بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی و دیکتاتۆری لە کوردستان بێنێت. خەڵکی کوردستان ئەزموونی خەباتێکی ٤٧ ساڵەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و سەنگەر بە سەنگەر لە ململانێیەدا بوون. کەواتە لێرە لە کوردستان هیچ شتێک فریای ڕژیم ناکەوێت.

# ئاخێزی نوێی جەماوەری و پێویستیی یەکگرتوویی بەرینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان

## دریژەی مانشێت

ئەم ئاخێزە بەتایبەت بە بەشداریی توێژە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران، ژنان، زەحمەتکێشان، بازاڕییەکان، شۆفێرەکان، مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆکان و چینی کەمداهات، دەری دەخات کە ناڕەزایە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە جاران لە ئاستی داوکارییگەلێکی پەرشوبڵاو تێپەڕیوە و گەیشتووەتە ئاستێکی قووڵتر و سیاسیتر.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی خاڵی وەرچەرخانی ئەم ڕەوتە بوو، شۆڕشێک کە لە بەرانبەر کۆنترۆڵ بەسەر جەستە، ژیان و ئازادیدا ڕاوەستا و بنەما ئیدۆئۆلۆژیکەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردە ئامانج. ئەمڕۆ هەر ئەو بزووتنەوەیە بە گرێدران بە داخوازییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتووەتە مەیدانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە و سیستەمی دەسەڵاتی لە هەموو ئاستەکانیدا تووشی قەیران کردووە. ئەم ئاڵوگۆڕانە دەری دەخات کە کۆمەڵگا بە چاکسازیی درۆیینەی دەوڵەتی و ڕووکەش ڕازی نابێت و هەوڵ بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی دەدا.

لە ڕوانگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە، کۆماری ئیسلامی پێکهاتەیەکە کە لەسەر بنەمای سەرکوت، نکۆڵی لە بوون و مافی نەتەوەکان، هەڵاواردنی ڕەگەزی، تاڵانی داهاتی گشتی و سەپاندنی هەژاریی ڕێکخراو بەسەر خەڵکدا کە ئاکامی تەریککەوتنەوەی نێونەتەوەیی و پێداگری لەسەر هەناردەکردنی تیرۆریزم و شەڕخوازییە، دامەزراوە و نە دەیەوێت و نە دەتوانێت داواکارییەکانی خەڵک وەڵام بداتەوە و نە هیچ ئاسۆیەک بۆ داهاتوویەکی مرۆیی دەداتە خەڵک. ئەزموونەکانی چەند دەیەی ڕابردوو سەلماندوویەتی چۆن کۆمەڵە هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامییەوە ڕایگەیاندووە ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە گشتخوازە نە چاکسازی تێدا دەکرێت و نە دەرفەتی گۆڕانی تێدا هەیە. بەردەوامبوونی دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران تەنیا دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و باری قورسی ئەم دۆخە دەکەوێتە سەرشانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش.

لە ڕوانگەی ئێمەوە ڕزگاریی خەڵک تەنیا لە ڕێگەی ڕێکخستنی سەربەخۆی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، هاوپشتیی وشیارانەی بزووتنەوە ناڕەزاییەکان و لێک هەڵپێکانی خەباتی چینایەتی لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانە و خەبات بۆ ئازادییە سیاسییەکان و دەستبەرکردنی مافی نەتەوەکان و یەکسانیی کۆمەڵایەتییەوە مومکینە. هیچ هێزێک لەسەرەوەی ئیرادەی خەڵک، هیچ لایەنێکی ناو دەسەڵات، هیچ پرۆژەیەکی خۆسەپێن و زۆردارانەی نوێ و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی درۆیینەی لە دەرەوە دروستکراو وەڵامی داخوازییە ڕەواکانیخەڵک نییە.

شۆڕشی ژینا کوردستانی کردە جەمسەری هەرە گرنگەی خەباتی سیاسی و مەدەنی و خۆڕاگری خەباتی جەماوەری ملیۆنی لە کوردستان بووەتە وێردی زمانی هەمووان. ئاڵوگۆڕەکانی دوو ساڵی ڕابردوو و ئاسۆیەک کە نەخشاندوویەتی، هیوای لە دڵی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستاندا گەشاندووەتەوە. بەڵام دەبێت بزانین کە ئەو هیوایە کاتێک دەگاتە ئاکام کە بەر لە هەموو شتێک ویستی یەکگرتووی و هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان دەسکەوتێکی دیاری ببێت و بگاتە ئاکامێکی بە کردەوە. هەوڵە بەنرخ و هەنگاوە باشەکانی مانگەکانی ڕابردوو هێشتا پڕ بە پێستی پێویستییەکانی ویستی هاوپشتی و داواکاریی بەردەوامی کوردستان بۆ یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکان نییە. هەنگاوی پتەوتر و بەرنامە و ڕێکاری دیاریکراو و ڕوون بۆ هاوکاری و هاوپشتی و کاری هاوبەش پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

لە ڕاستیدا یەکگرتووی حیزبە کوردستانییەکان دەبێتە بنەمایەک بۆ هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و هاوپشتیی بزووتنەوەکانی کرێکاران، ژنان و چین و توێژە مافخوراوەکانی دیکە و لە ئاکامدا بزووتنەوەی کوردستان دەکاتە ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێز لە ئاستی ئێران و لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

بزووتنەوەکانی کرێکاران و ژنان و کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان هەردەم پشتیوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بوون و هێز و وزەیان لێ وەرگرتووە و ئاسۆی هیوایان بووە. حیزبە کوردستانییەکان دەبێت وەکوو سەرجەمێکی سەرەکی لە هاوکێشە سیاسییەکان و دیاریکردنی ئەڵتەرناتیڤی داهاتوودا دەور و نەخشێکی شیاوی بزووتنەوەی کوردستانیان هەبێت کە نزیکەی نیو سەدەیە بەرامبەر بە دەسەڵاتی داگیرکەر و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی خەبات دەکات. حیزبە کوردستانییەکان دەبێت بەهێزترین و دیاریکەرترین هاوپەیمانیی سیاسی بن. سەردەمی چاوەڕوانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی دابمەزرێ و دواتر داوای مافی لێ بکەیت بەسەرچووە. هەر لە ئێستاوە دەبێت ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و چۆنیەتی دەسەڵاتی داهاتوو دیار بێ، دەسەڵاتێک کە وەڵامدەرەوەی خەباتی دووردرێژ و فیداکارییەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بێ و تێیدا خەڵکی تینووی ڕزگاری، ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی بگەنە ئاواتەکانیان.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەشێک لە ڕێکخەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە و پێداگری لەسەر درێژەی پشتیوانی و هاوخەباتی لەگەڵ کرێکاران، ژنان و قوربانیانی دیکەی باوک/پیاوسالاری، زەحمەتکێشان، لاوان و هەموو هێزە ئازادی و یەکسانیخوازەکان دەکاتەوە. داهاتووی ئێران دەبێت دوور بێ لە وەبەرهەمهێنانەوەی زۆرداری و لەسەر بنەمای دانانی سیستەمێک لە سەر بنەمای ئازادی، یەکسانی، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان و دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی بێ.

# قەیرانی ئابووری و سەرکوتی سیاسی لە ئێران



حەمەی حەکیمی

**شێرکۆ بێکەس لە کتێبی دەربەندی پەپوولە دەڵێت؛ لاوەکە! تەماشا!**
**ئەم مێرگی غوربەتە ئازاری چەند سەوزە**
**چەند تەڕ و پاراوە ئالووزی گوڵ گوڵیی**
**ئەم مێژووی وڵاتی حەسرەتە.**
**لاوەکە! بڕوانە**




ساڵانێکە بە سەرکوت و سوکایەتی تێدەپەڕێ، سەرکوت بووەتە شتێکی باو لە ئێران و هەر کەس داوای مافی خۆی بکات، بە شێوەیکی زۆر دڕندانە سەرکوت دەکرێت، دوای شەڕی دوانزە ڕۆژەی ڕژیم لەگەڵ ئیسرائیل زیندانەکان پڕ بوون لە گەنجانی ئێرانی بە تایبەتی کورد. ساڵی ڕابردوو لانیکەم زیاتر لە ٢٥٠ ژن لەلایەن هێزە ئەمنیتیەکانی ڕژیمەوە دەسبەسەر کراون و هەر دوای شەڕی دوانزە ڕۆژە زیاتر لە ٢٠هەزار کەس بە بیانووی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل گیراون و چەندین کەس لە دادگا ڕووکەشییەکانی ڕژیم تەنها بە بیانووی کارکردن بۆ ئیسرائیل لە سیاچاڵەکانی ڕژیم لە سێدارە دراون.

ڕژیمێک کە لەناوخۆدا بە دەست دەیان قەیران و کێشەوە دەناڵێنێت؛ لەلایێکەوە شەڕی باڵەکانی دەسەڵات لەسەر جێگرەوەی خامنەیی ٨٤ ساڵە چووەتە قۆناغێک، کە چەقەڵەکان کەوتونەتە گیانی یەکتر و کۆمەڵێک پشتیوانی لە حەسەن خومینی، مجتبی خامنەیی یا ڕۆحانی دەکەن، لەلایێکی دیکە کۆماری ئیسلامی ئێران کێشەیەکی جدی دیکەی هەیە و ئەویش بریەتییە لە کەڵکەڵەی ڕژیم سەبارەت بە گرانی و ترس لە ڕاپەڕین و هەروەها ترس لە شەڕێکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل، ڕژیم باش دەزانێت لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر شەڕێک، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی و هەر بۆیە چەن ڕۆژی ڕابردوو دەستی دا بە مانورێکی نیزامی و دەیان موشەکی بالستیکی تاقی کردەوە و ئەوەش وایکردوە کە «نتانیاهۆ» مەترسی ئەو مانۆرە لەگەڵ ئامریکا باس بکات و ئەگەری هێرشێکی دیکە بۆ سەر ئێران لە ئارادا بێت.

**ڕژیمێک کە لەناوخۆدا بە دەست دەیان قەیران و کێشەوە دەناڵێنێت؛ لەلایێکەوە شەڕی باڵەکانی دەسەڵات لەسەر جێگرەوەی خامنەیی ٨٤ ساڵە چووەتە قۆناغێک، کە چەقەڵەکان کەوتونەتە گیانی یەکتر و کۆمەڵێک پشتیوانی لە حەسەن خومینی، مجتبی خامنەیی یا ڕۆحانی دەکەن، لەلایێکی دیکە کۆماری ئیسلامی ئێران کێشەیەکی جدی دیکەی هەیە و ئەویش بریەتییە لە کەڵکەڵەی ڕژیم سەبارەت بە گرانی و ترس لە ڕاپەڕین و هەروەها ترس لە شەڕێکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل، ڕژیم باش دەزانێت لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر شەڕێک، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی و هەر بۆیە چەن ڕۆژی ڕابردوو دەستی دا بە مانورێکی نیزامی و دەیان موشەکی بالستیکی تاقی کردەوە و ئەوەش وایکردوە کە «نتانیاهۆ» مەترسی ئەو مانۆرە لەگەڵ ئامریکا باس بکات و ئەگەری هێرشێکی دیکە بۆ سەر ئێران لە ئارادا بێت.**

بەڵام پسپۆڕەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە شەڕی ناوخۆیی ڕژیم هیچ هێمایەکی چاکسازی ئابووری یان دەوڵەتداری تێدا نییە و هەر بەو شێوە کۆن و ناچالاکانەی جاران وڵات بەڕێوە دەچێت، بەشێکی زۆر لە شەڕی ئەمجارەی ناو باڵەکانی ڕژیم ئاماژەیە بە قەیرانی ئابووری و ئەوان باش دەزانن کە دۆخی خەلک تا ڕادەی تەقینەوە بەرز بوەتەوە و ئەوەش وادەکات خەڵک بێنە سەر شەقام و کۆماری ئیسلامی ئێران لەوە دەترسێت و جەماوەری ئێرانی بەهۆی دۆخی ئابووریەوە هیچی بۆ نەماوەتەوە و دواشتێک کە بۆی ماوەتەوە شەقامە و شەقام.


لەلایکی دیکەوە داڕمانی بایەخی دراوی ئێران و گران کردنی بەنزین وایکردوە کە هەموو شتومەکەکان چەندین قات گرانتر بن، هەڵبەت بەرزبوونەوەی دۆلاریش یەکیکی دیکە لە هۆکارەکانی گران بوونی شتومەکی خواردن و شتەکانی دیکەیە و گەمارۆکانیش بە هۆی سیاسەتی هەڵە و پشتیوانی لە گرۆپە نیابەتیەکانی بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بوونەتە باری سەر بار. ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەراوردی نرخی شیر لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و داگیرکردنی ئەو شۆڕشە لەلایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە هەتا زەمەنی ئێستا بکەین، دەبینین لە نرخەکەی ٣٥ هەزار بەرانبەر گرانتر بوە و هەر ئێستا لانیکەم ٤٠ بۆ ٤٥ میلیۆن ئێرانی ناتوانن شیر و ماست بکڕن و ئەوەش وایکردوە کە شیر و ماست ببێت بە خواردەمەنی گرانبەها.

گوشت کە یەکێک لە خواردنە سەرەکییەکانی خەڵکە لە چاو ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لانیکەم ١٦٠ هەزار بار گرانتر بووە، ئەوەی کە دەبینین نموونەگەلێکن لە گرانی شتومەکی خواردن. هەروەها خانەنشینکراوەکان مانگانە لانیکەم دە تا پانزە میلیۆن مووچە وەردەگرن، ڕەقەمێک کە لە چاو دۆلاری ١٣٣هەزاریدا تەنها ١٠٠ دۆلار دەکات، هاوکات لەگەل دۆخی خانەنشینکراوەکان، هێڵی هەژاری ٥٨ میلیۆن تمەنی تێپەڕاندوە و خانەنشینکراوەکان تەنانەت ناتوانن دەوا و دەرمانی خۆشیان بکڕن. پسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕەن تا سەری ساڵی نوێی هەتاوی لانیکەم ٦٠ میلیۆن خەڵکی ئێران دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە.

لەلایکی ترەوە؛ کاریگەری کۆمەڵایەتی ئەم سیاسەتەی ڕژیم وایکردوە کە خەڵک حسێب و بەرنامەی داهاتوو و پاشکەوتی خۆیان لە دەس بچێ و هیچ ڕۆچنێک بۆ دوارۆژی خۆیان نابینن و بێ هیوایی بە سەر خەڵکدا پەرەی سەندووە. ناڕزایەتی هەمیشەیی مامۆستایان و خانەنشینکراو و کرێکارەکان لە شارە جیاوازەکان و وڵام نەدانەوەی رژیم و گرنگ نەبوونی ژیانی خەڵک بۆ ئەو ڕژیمە وایکردوە لە ئێران بە گشتی ژیان بوەستێت.

لە کۆتاییدا ئەم دۆخە وایکردووە دزی شتومەکی خواردن زۆر زیاد بکات، تەمەنی ڕاهاتوویی بە مادە سڕکەرەکان هاتووەتە ژێر ١٣ ساڵ، هەروەها لەش فرۆشی هاتووەتە ژێر تەمەنی ١٠ ساڵ و پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی منداڵان کە خودی ڕژیم پڕوپاگەندەی بۆ دەکات بەشێکن لەو دیاردە دزێو و ناحەزانەی بەرۆکی خەڵکی گرتووە. خەڵک ئێستا بۆ ئەوەی بتوانن لانیکەم لە ژەمە خواردنەکاندا شتێک لە سەر سفرەکانیان بێت بە قەرز شت دەکرن و تەنانەت باوکی و دایکی ئیرانی لە شەوی یەلدادا نەیانتوانیوە شەوچەرەیەک بکڕن و ئەوەش بووە بە بەشێک لە ژیانی زەنگینانە و خەون بۆ بنەماڵەی ئێرانی و ئەم گۆڕانە وایکردوە کە بەشێکی بەرچاو لە باوک و دایکانی ئێرانی نەتوانن شەوی یەلدا جەژن بگرن و وەک جاری جاران بە دڵخۆشی لە لای یەک کۆببنەوە.

# ڕێنساس یا بووژانەوەی کۆمەڵگای ئۆرووپا و ڕووخانی فئودالیسم






ژیلا ئەحمەدی

ڕێنسانس یا نوێبوونەوە، تازەبوونەوە، بووژانە و سەردەمانێ لە مێژووی ئوروپا کە سەردەمی بووژانەوەی ئەدەبیات و زانستەکان و پیشەسازی لە نێوان سەدەکانی چاردە تا هەفدەی زایینی بووە کە ئەوەڵ جار لە باکووری ئیتالیا رووی دا و دواتر کێشراوە فەرانسە، ئەڵمان، ئینگلستان و باقی شوێنەکانی ئۆرووپا. بووژانەوەی تێپەڕین لە ئایین و فەلسەفەی ئەرەستوو و سەرەنج بۆ بیرکاری و شێوازی زانستی، ڕێنسانس کە بەمانای لەدایک بوونی دووبارەیە کە لە ئۆرووپا بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ درێژەی هەبوو، سەردەمی ڕاگوێزراو لەنێوان سەدەکانی ناوەڕاست وسەردەمی مودێڕن و ئاسەواری قوولی هەبووە لەسەر زانست، ئایین، کولتوور، فەلسەفە و هونەر. پێش سەرهەڵدانی ڕێنسانس، ئۆرووپا لە ژێر دەسەڵاتی نیزامی فئودالیسم و کلیسا و ئایینی کاتولیک و کەسایەتی پاپ بوو، بە شێوازێ کە تەناتەت زانست بەدەستی کلیسا و ئایین بوو، باوەڕی ئایینی لەسەر عەقل و زانست حاکم بووە و ماوەی هەزارساڵی خایاند کە پێی دەوترا سەردەمی تاریکی. ئەنواعی شەڕ و وشکەساڵی، نەخۆشی بڕەوی بوو، جەنگە سەلیبیەکان لەم سەردەمە روویدا. بە هاتنی ڕێنسانس کلیسا چووە ژێر پرسیار، و ئەم وەشە ئەوەڵ جار لەلایەن فەرانسویەکان بەکار چوو کە پێی دەڵێن سەردەمی ڕۆشنبیری کە سەرەنجی لە ئیلاهیات و ئایین بەرەو ئێنسان ڕاکێشا و مەکتەبی ئۆمانیسم و ئینسان گەرایی برەوی پەیدا کرد و سەرەنج بۆ ئینسان ڕاکێشرا و ئێنسان لەناوەندی جیهانی خۆی دانرا. لەم سەردەمە زۆربەی ڕۆشنبیران و زانایان وەکوو لێوناردۆ داوینچی، میکل ئانژ، ڕافائل، شکسپیێر، ماکیاولی، گالیلە و کۆپرنیک گەشە دەکەن. کۆپرنیک یەکێ لەو کەسانە بوو کە تێوری کلیسا سەبارەت بەوەی کە زەوی بە ناوەند دەزانی ڕەتکردەوە و تێوری هەتاو و خۆر ناوەندە بەرچاو گرت کە لەگەڵ ئایینی مەسیح دژایەتی بوو، هەروەها گالیلە یەکێ لە زانایان بەناوبانگەکان، ڕاستییەکانی تازە سەبارەت بەسرووشت پێشاندا و گوتی زەوی وەکوو بازنەیە کە لەگەڵ بیرۆکەی کلیسا کە دەیوت زەوی تەخت و سافە دژایەتی بوو و بەفیزیا و بیرکاری ئاماژەی کرد و پاڵپشتی زانستی فیزیای، مرۆڤ زانیی و لە ئایین و تێولوژی جیای کردەوە و سێهەمین کەس کە لە بەرامبەر ئایینی مەسیح وکلیسا ڕاوەستا، دکارت بوو کە عەقڵی بەجێ کتێبی پیرۆز و موقەدەس دانا و وتی دەبێ خەڵک بە بناغەی نەزانی گۆمان بکەن و بیرکردنەوەی فەلسەفی نۆی دانا کە بووە پردێک نێوان سەردەمی تاریکی و سەردەمی ڕۆشنبیری، هەروەها لە سەردەمی ڕێنسانس ریفورمی ئایینی کرا کە بە هاتنی ئایینی پرۆتستان بەدەستی مارتین لوتر بووە، هۆکاری ئەوەی کە کلیسا و ئایینی کاتولیک بچێتە ژێر پرسیار، دووبارە بۆ جارێکی تر هۆگری خەڵک بۆ فەلسەفەی یوونان و ڕۆم بوو کە پێش هاتنی مەسیح وسەردەمی ناوەڕاست حاکم بوو و مەکتەبی پرۆتستان شکڵی گرت. لە سەردەمی ڕێنسانس نێگارکێشانی ناسراو وەکوو داوینچی و میکڵ ئانژ بە کڵک وەرگرتن لەڕیالیسم و واقیع گەرایی توانیان وێنەی بەناوبانگ وەکوو مونالیزا و داهێنانی ئێنسان بکێشن و بوژانەوەی شێواز و ستایلی یونانی و ڕۆمی گەشەی کرد، .لە ڕێنسانس مناسباتی سەرمایەداری نوین دانرا و سەردەمی ناوەڕاست کە لە ژێردەسەڵاتی کلیسا و نیزامی فئودالیسم بوو هەڵوەشا و هەروەها سیستمی بانکداری درووس بوو و چینێ تازە و نوێ بەناوی چینی ناوەڕاست وەدێهات. چینی ناوەڕاست ئیتر پارەکانیان بۆ درووس کردنی کلیسا بەکارنەهێنا. بەڵکو ژیانێکی شکۆمەندانەیان دەویست و زۆربەی بیناکانی گشتی وەکوو تەلار کۆمەڵەکان بەکاردەهێنا و بەنیازی هونەرمەندان و وێنەکێشان و تەلارسازان بوو. کە شێوازی ژیانی خەڵک گۆڕدرا. لەسەردەمی ڕێنسانس بناغەی شارستانییەتی نوێ دانڕا، گەشەی سەرمایەداری بووە هۆکاری بازرگانی و نێونەتەوەیی و لەسەدەی ١٥و١٦ زایینی کە سەردەمی تێپەڕین لە فئودالیسم بۆ شۆڕشی بازرگانی بوو و بناغەی بورژوازی پێک هێنا، کۆمەڵگایێک کە کاتی خۆی لەسەردەمی ناوەڕاست داخرابوو، کراوە و کرا بۆ کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی، وردە وردە شوێنە نوێیەکان دۆزرایەوە وەکوو وڵاتی ئەمریکا بەدەستی کریستف کلۆمب. هەروەها پێشتر لەسەردەمی ناوەڕاست پاشا مەشروعیت خۆی لە کلیسا وەرئەگرت بەڵام لە سەردەمی ڕێنساس حکومت بەتەنیای کەوتە دەستی پاشا و وردە وردە ئۆممەتی مەسێح پارچە پارچە بوو و جێگەی خۆی دا بە نەتەوەکان وەکوو نەتەوەی فەرانسە، نەتەوەی ئیسپانیا، نەتەوەی ئینگلستان، نەتەوەی ئەڵمان. لەسەردەمی ناوەڕاست تەنیا زمانێ کە پێی دەنوسرا و خۆێندنەوە لەسەری بوو و زمانی کلیسا بوو زمانی لاتینی هەبوو چۆن بیروباوەڕی ئەو سەردەمە ئەو بوو هەموو زمانەکانی دیکە بێ دینیە بەڵام لەسەردەمی ڕێنسانس چۆن عەقلانیت گەشەی کرد و کلیسا و ئایین چووە ژێر پرسیار، خەڵک عیلاقەیان بەرەو سەردەمی پێش سەردەمی ناوەڕاست بوو وەکوو سەردەمی فەلسەفەی یونان و ڕۆم و وردە وردە زمانەکانی دیکە وەکوو زمانی خۆولاتی بووە زمانی نەتەوەیی و پەرەی سەند و هەموو چین و توێژەکان لە ژن و پیاو و بازاڕ خوێندنیان هەبوو لەحالێک دا کە پێشتر لەسەردەمی ناوەڕاست خوێندنەوە فەقەت بۆ زانایانی ئایینی بوو. دەتوانین بڵێین ڕێنسانس یان نوێ بوونەوە، عەقڵانیەت کەوتە بەرباس و ئێنسان دەکەوێتە بارودۆخێ کە هیچ شتێک قەبووڵ ناکات تا هۆکاری عەقڵانی نەبێ. دکارت یەکێ لە ڕێبەرانی ئەم بیرکردنەوە بوو کە تەنانەت خۆی دەباتە ژێر پرسیار و دەڵێ من بوونم هەیە چۆن بیر دەکەمە و چۆن بیر دەکەمەوە کەواتە بوونم هەیە و ئەمە لەبەرامبەری بیری خواباوەڕی و ئایین جێگیر ئەبێ ، لەکاتی کە پێشتر خەڵک بەهۆی نەزانی وبێ پەنایی پەنا دەبەن بۆ خودا بەڵام لەسەردەمی ڕێنسانس عەقلانیت جێگەی نەزانی، قسەوباسی بێ مانا دەگرێت و گەرانەوە بۆ فەلسەفەی ژیان دەبات بۆ ئەوەی حەقیقەت ئاشکرا بکات و ئەم سەردەمە سەردەمی زانست و فەلسەفە و ئۆمانیسم و پێشکەوتن و دۆزینەوە و دەرخستنە.

**لەسەردەمی ڕێنسانس چۆن عەقڵانیت گەشەی کرد و کلیسا و ئایین چووە ژێرِ پرسیار، خەڵك عیلاقەیان بەرِەو سەردەمی پێش سەردەمی ناوەڕاست بوو وەکوو سەردەمی فەلسەفەی یونان و رِۆم و وردە وردە زمانەکانی دیکە وەکوو زمانی خۆولاتی بووە زمانی نەتەوەیی و پەرەی سەند و هەموو چین و توێژەکان لە ژن و پیاو و بازارِ خوێندنیان هەبوو لەحالێك دا کە پێشتر لەسەردەمی ناوەڕاست خوێندنەوە فەقەت بۆ زانایانی ئایینی بوو. دەتوانین بڵێین ڕێنسانس یان نوێ بوونەوە، عەقڵانیەت کەوتە بەرباس و ئێنسان دەکەوێتە بارودۆخێ کە هیچ شتێك قەبووڵ ناکات تا هۆکاری عەقڵانی نەبێ. دکارت یەکێ لە ڕێبەرانی ئەم بیرکردنەوە بوو کە تەنانەت خۆی دەباتە ژێر پرسیار و دەڵێ من بوونم هەیە چۆن بیر دەکەمە و چۆن بیر دەکەمەوە کەواتە بوونم هەیە و ئەمە لەبەرامبەری بیری خواباوەڕی و ئایین جێگیر ئەبێ ،**

# کاری منداڵان؛ برینێکی شاراوە لە کۆمەڵگا و پەڵەیەکی ڕەشە بە داوێنی مرۆڤایەتییەوە...



سەعدوون شەریف ئازەر




کاری منداڵان یەکێکە لە تاڵترین و دڵتەزێنترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێرانە. منداڵانی کار ئەو بەشە لە قوربانییانی سەرەکی کۆمەڵگان کە بە شێوازی جۆراوجۆر کەڵکی نابەجێیان لێوەردەگیرێت و وەک بێمافترین توێژی ناوکۆمەڵگا بێ بەزیانە دەچەوسێنەوە. بەڵێ مناڵانی کارو شەقام. ئەو مناڵانانەی ڕوخساریان بۆ هیچ ڕێبوارێک نائاشنا نیە. هەر ئەوانە کە لە چوارڕاکان و لە ناو دووکەڵی ماشێنەکاندا بۆ بەدەستهێنانی تیکە نانێک چاوەڕوانی سووربوونی چرای ڕێنمان تا بۆ چەند ساتێک ماشێنەکان ڕاوەستن، تا بەڵکوو کەسێک شووشەی ماشێنەکەی دابداتەوە و لەو شتانەی کە بە ملیەوە هەڵیئاوەسیوە، بکرێت. لەلایەکی دیکەوە منداڵانێک دەبیندرێن کە لەژێر بارە قورسەکاندا بەجۆرێک نووشتاونەوە کە تەنیا قاچیان دیارە. بەڵام ملیۆنان کەس لەم منداڵانە نە بەیانیان دەبینین کە بەرەو کارگاکان بڕۆن و نە لە تاریکایی شەودا دەیان بینین کە لە کارگەکانەوە بگەڕێنەوە. هیچ ژمارەیەکی ورد سەبارەت بە ئەم منداڵانە لەبەردەستدا نییە. چونکە زۆربەیان تەنانەت ناسنامەیان نییە، منداڵانێک کە هەر لە سەرەتای ژیانیانەوە هەرگیز شتێک بەناوی منداڵی، کایەی منداڵانە، خۆشیی منداڵانەیان نەناسیوە. هێندێکیان لەو بنەماڵانەدا لەدایک بوون کە باوک و دایکیان دۆزەخیانی سەر زەوین. هێندێکیان لە هەژاریدا لە دایک دەبن و هەر لە ساواییەوە بۆ ئەم پیشەیە بە کرێ دەدرێن. هێندێکیشیان بێ ناو و نیشان لە دایک دەبن و پاشان ڕەوانەی شەقامەکان دەبن و دوای گەیشتن بە تەمەنی سێزدە چواردە ساڵی، کارتێلە جۆراوجۆرەکان وەک کرێکاری جنسی، فرۆشیاری ماددەی هۆشبەر و یان تەنانەت بۆ پەیوەندی ئەندامانی لەش، دەیانکڕن و دەیانفرۆشن. منداڵان لەبری ئەوەی لە پشت کورسییەکانی قوتابخانە دابنیشن و لە دۆنیای منداڵی خۆیان دا بژین، ناچارن لەسەرشەقامەکان و لە وۆرک شۆپەکان و لە ژینگە نائارامەکاندا کار بکەن. ئەم دیاردەیە نە تەنیا پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافەکانی منداڵانە، بەڵکوو کوشتنی دونیای منداڵان و بێبەش کردنی ڕاستەوخۆی ئەوانە لە داهاتوویەکی گەش بۆیان. پێویستە ڕەگی سەرەکی بڵاوبوونەوەی کاری منداڵان لە هەژاری، بێکاری، نایەکسانی کۆمەڵایەتی، کۆچکردن، ئالوودەبوونی دایک و باوک بە مادەی هۆشبەر بدۆزریتەوە. لە زۆرێک لە خێزانەکاندا گوشارە ئابوورییەکان ئەوەندە زۆرن کە منداڵ وەک هێزێکی کاری هەرزان دەچێتە ناو بازاری کار بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و کۆمەک خەرجی بنەماڵەکەی. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەروەردە و تەندروستی و گەشەکردنی دەروونی منداڵ لاواز بی و بە جۆرێک کەسایەتی خۆی لە دەست بدات. منداڵان لەسەر شەقامەکان بەرەوڕووی هەموو جۆرە دەستدرێژییەکی جەستەیی و دەروونی و سێکسی دەبنەوە. نەبوونی چاودێری، ژینگەی کارکردنی ناپارێزراو و کارلێککردن لەگەڵ قازانجخوازان، ئەم منداڵانە دەکاتە قوربانیی توندوتیژی. زۆرێکیان بەهۆی ترس، نەزانی، یان نەبوونی پەناگەیەکی ئارام، ناتوانن کێشەکانیان دەرببڕن، ئەمەش زۆری زیانەکان بەردەوام دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە بێبەشبوون لە خوێندن، دەبێتە هۆی دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی بەهێزو درێژ خایەن . ئەو منداڵانەی لە خوێندن بێبەشدەبن، لە داهاتوودا هەلی کاری گونجاو لەدەست دەدەن و زۆرجار دەکەونەوە ژەر هێلی هەژاری. ئەم ڕەوتەش ڕاستەوخۆ نایەکسانی لەناو توێژە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا پێک دێنێ و کاریگەری زۆریش لە سەر گەشەی کۆمەڵگا دروست دەکات بەرهەم دەهێنێتەوە و بەربەستێکی جددی بۆ گەشەسەندنی بەردەوامی کۆمەڵگا دروست دەکات. کاری منداڵان تەنیا پرسێکی تاکەکەسی یان خێزانیی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کارکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتە ناکاریگەرەکانە. بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەنە هەیە، لەوانە پشتگیری ئابووری بۆ خێزانە لاوازەکان، دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بە ئازادی و کوالیتی، جێبەجێکردنی یاساکانی پاراستنی مافەکانی منداڵان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی. بە گشتی لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕێژەی هێڵی هەژاری ڕۆژ بە ڕۆژ دەڕواتە سەرێ، دەبێ منداڵان لەجیات خۆشی و فێربوون و پشکوتنی تواناکانیان، هەژار و بێبەش و بێکار بن و بۆ گۆڕانکارییەکی چکۆلە لە ژیانی مەمرە و مەژییاندا ناچار بن دەست بدەنە هەموو کارێک. منداڵان نابێ لە خوێندن بێبەری بکرێن. ژیان و ڕێفاهی منداڵان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی باروودۆخی بنەماڵە، پێویستە لە لایەن دەوڵەتەوە زەمانەت بکرێ. دەوڵەت، ئەرکی سەر شانییەتی کە ستانداردێکی دیاریکراو لە خۆشبژێوی و کەرەستەی گەشەی ماددی و مەعنەویی منداڵان و تازەلاوان، لە باڵاترین ئاستی خۆیدا، زەمانەت بکات.. کۆمەڵگایەک کە منداڵەکانی ناچاربن لەسەر شەقامەکان کار بکەن، داهاتوویەکی تەندروست و دادپەروەری نابێت. پشتیوانیکردن لە کاری منداڵان، لە ڕاستیدا وەبەرهێنانێکە لە داهاتووی کۆمەڵگادا؛ داهاتوویەک کە هیچ منداڵێک نەبێتە قوربانی هەژاری و نادادپەروەری و پشتگوێخستن.

**کاری منداڵان یەکێکە لە تاڵترین و دڵتەزێنترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێرانە. منداڵانی کار ئەو بەشە لە قوربانییانی سەرەکی کۆمەڵگان کە بە شێوازی جۆراوجۆر کەڵکی نابەجێیان لێوەردەگیرێت و وەك بێمافترین توێژی ناوکۆمەڵگا بێ بەزیانە دەچەوسێنەوە. بەڵێ مناڵانی کارو شەقام. ئەو مناڵانانەی ڕوخساریان بۆ هیچ ڕێبوارێك نائاشنا نیە. هەر ئەوانە کە لە چوارڕاکان و لە ناو دووکەڵی ماشێنەکاندا بۆ بەدەستهێنانی تیکە نانێك چاوەڕوانی سووربوونی چرای ڕێنمان تا بۆ چەند ساتێك ماشێنەکان ڕاوەستن، تا بەڵکوو کەسێك شووشەی ماشێنەکەی دابداتەوە و لەو شتانەی کە بە ملیەوە هەڵیئاوەسیوە، بکرێت. لەلایەکی دیکەوە منداڵانێك دەبیندرێن کە لەژێر بارە قورسەکاندا بەجۆرێك نووشتاونەوە کە تەنیا قاچیان دیارە.**

**بەڵێ بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان**

# سەرنجێکی کورت لەسەر دۆخی گشتی چینایەتی و نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات



ئاژوان سنە

**پوخته**

لە کۆمەڵگای کوردستان بە پێ بەراوەردێکی مەیدانی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی نزم تەنانەت بە نیسبەت چەن ساڵی ڕابردوودایە. تۆژینەوە لە سەر ئەم دێڕانە و تیتری ئەم نووسینە پێویستی بە کاری ئاکادمیک و لێکۆڵینەوەی چڕی مەیدانی و زانستی هەیە، بەڵام بە گوێرەی داتاکان و ژیانی ڕۆژانە زۆر شت هەن کە بە بێ لێکۆڵینەوەش گۆتنیان دوور لە داتاکانی زانستی کۆمەڵناسی نییە.

**خەباتی چینایەتی**

سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم پرۆسیسێکە لە شکڵگیری مێژوویی ئاشکراو بەردەوام کە لە ململانییە چینایەتییەکاندا بە بەردەوامی کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا و هاوکێشە سیاسیەکانی دادەنێ. ڕوخساری ژیانی ئەمرۆی کۆمەلگای ئێران و کوردستان هەرچیەک بیت بەتەواویی لەژێر گاریگەریی و ناکۆکییەکانی هێزی بەرهەمهینان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدایە. هەرچەندە کە فۆرمی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەم سەدەیە هاوچەرخیتر و گەشەسەندووترە لە رابردووی خۆی، بەڵام خۆشبەختی و ژیانێکی ئاسودەی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا بۆ مرۆڤایەتی وەک ئەوەی سەرمایەداری خەریکی بەوەهمکردنی بوو. سەرباری ئەوەی ژمارەی بیکاری و دەرکردنی کرێکاران لەسەر کاریان بەردەوامە و لەسەرتاسەری جیهاندا ڕێژەیان دەڕواتە سەرەوە، بەڵام قەیرانەکانی سەرمایەداری قووڵتر دەبێتەوە و چارەسەری قەیرانەکان گەیشتۆتە خاڵی کۆتایی و چارەسەرنەکراو.

سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم پرۆسیسێکە لە شکڵگیری مێژوویی ئاشکراو بەردەوام کە لە ململانییە چینایەتییەکاندا بە بەردەوامی کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا و هاوکێشە سیاسیەکانی دادەنێ. ڕوخساری ژیانی ئەمرۆی کۆمەلگای ئێران و کوردستان هەرچیەك بیت بەتەواویی لەژێر گاریگەریی و ناکۆکییەکانی هێزی بەرهەمهینان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدایە. هەرچەندە کە فۆرمی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەم سەدەیە هاوچەرخیتر و گەشەسەندووترە لە رابردووی خۆی، بەڵام خۆشبەختی و ژیانێکی ئاسودەی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا بۆ مرۆڤایەتی وەك ئەوەی سەرمایەداری خەریکی بەوەهمکردنی بوو. سەرباری ئەوەی ژمارەی بیکاری و دەرکردنی کرێکاران لەسەر کاریان بەردەوامە و لەسەرتاسەری جیهاندا ڕێژەیان دەڕواتە سەرەوە، بەڵام قەیرانەکانی سەرمایەداری قووڵتر دەبێتەوە و چارەسەری قەیرانەکان گەیشتۆتە خاڵی کۆتایی و چارەسەرنەکراو.

دابەشکردنەوەی کار، هەژاریی، بێکاری، برسییەتی، پیسبوونی ژینگە، شەڕ و وێرانکاریەکان، سەرهەڵدانەوەی فاشیزم، تیرۆریزمی ئایینی، وێرانکردنی ژیانی منداڵان و بێنرخ بوونی مرۆڤی خانەنەشین و پەکەوتە، □ بەهەمان شێوە زۆرتردەبن و لەناو سیستەمی حکوومەتی ئیسلامیی لەچەندان فۆرمی جیاوازدا هاوچەرخ دەکرێنەوە. لەگەڵ هەموو ئەو ناتەباییەی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامیدا، بەهەمان شێوە خەباتی زەحمەتکێشان بۆ شۆڕش و ئالوگۆر لەناو پێکدانە چینایەتیەکاندا هاوچەرخ بۆتەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان وەک هێزێکی زۆرینەی ناو کۆمەڵگا سەرباری سەرهەڵدان و شکستەکانی ڕابردوویی، بەهێزەوە دەرکەوتۆتەوە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکان دا، زۆرێک لەو بیروباوەڕە ڕاستڕەوانە و ئەو تێوریانەی کە ئاڵای کۆتایی جێاوازی چینایەتی و خەباتی سۆسیاڵیستانەیان بەرزکردبوویەوە وە لە لێکدانەوەکانیاندا خاڵی کۆتاییان بۆ پرۆسەی مێژوویی دانا و بازاری ئازاد و لیبرالیسمیان بە دوا بژاردە دیاریکرد، بەڵام لە دوای تەنها قەیرانەکانی ئابووریی تیوریەکانیان کەوتنە کەنارەوە و مەترسی هەرەسی سەرمایەداری و رژیمەکایەن هەیە.

لە ئەمڕۆی هەڵسان و هاتنە دەرەوەی ئەو هێزە کە بەرهەمهێنەری توانای هەموو جیهانە، پشکویەکی سەرەتاییە بۆ ئالوگۆرێکی گەورە لە ئێراندا. هەر وەک چۆن لە ئەورووپا هێلەک زەردەکان، کلاو زەردەکان و سوورەکان و جلیسقە زەردەکان، لە ئێران هەڵسانی کرێکاریی (دی مانگی ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨) و شۆڕشی مەزنی ژن ژیان ئازادی، لە سوودان هاتنە شەقامەکان دژی دەسەڵاتی میلیتاریزم و داواکارییەکانی خەڵکی خوارەوە، میسر و چەندان وڵاتی تری گوێ زەوی بەشێکن لەو پشکۆیەی شۆڕش..

**باری چینایەتی**

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای کوردستان وەک نموونەی دیکەی کۆمەڵگاکانی وڵاتی ئێران دابەش بوون و قەیرانی چینایەتی نێوان بازنەی دەسەڵات و سامان لەگەڵ چینی مام ناوەند و هەژار زۆرتر بووە و ئەمانەی خوارەوە کاریگەری سەرەکییان لەم دۆخە بووە:

١-نەبوونی کار و پیشەی پێویست بو بەشێکی بەر چاوی کۆمەڵگا

٢-دابەشبوونی نایەکسانی و هەلی کار

٣-ئەو ئیمتیاز و خەڵاتانەی کە بە چینێکی دیاریکراوی خۆدی لە لایەن دەسەڵاتی ڕژیمەوە دراوە

٤-جیاوازی سەروەت و سامان نێوان چینەکان و تاکەکانی کۆمەڵگا

هەڵاواردن و جیاوازی چینایەتی لە کوردستان کە بنیادنەری سەرەکی ئەو بە پێچەوانەی وڵاتانی تر کە لە لایەن چینی دەسەڵاتداری تاک و سەرمایەدارەوە پێناسە ئەکرێت؛ لە لایەن دەست و پێوەندەکانی دەسەڵاتەوە سەرچاوە ئەگرن. لە ماوەی چل و شەش ساڵی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیی بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی ڕژیمەوە مەودا و جیاوازی چینایەتی نێوان چینی دەسەڵاتدار، سامان و سەروەت مەندی بازاڕ، خاوەن بڕوانامە وەک دوکتور مۆهەندێس، وەکێڵ، سلبریتییەکانی هۆنەری سینەما، فووتباڵیستەکان لە ڕەدەی تیمی میللی و تیمە بە ناوبانگەکان لە گەڵ چینی کرێکار، کارمەندانی ئیداراتی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت، جووتیاران، بێکاران و بە گشتی چینی ناوەند و خواری کۆمەڵگا؛ زۆرتر بووە و زیانێکی یەکجاری بە ژیان و کەرامەتی مرۆڤ گەیاندووە.

...بۆ ل٧

زوربەی بزاڤە چینایەتی و سنفییەکانی ئەم چل ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لایەن چالاکانی مەدەنی و کرێکارییەوە سازمان دراون؛ داخوازییەکانیان لە سەر نارەزایەتی لە هەمبەر بار و دۆخی کار و مووچە و سەعاتی کار بووە و بە داخەوە ئەو ئاگاهی و زانینە لە سەر ویستی چینایەتی و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامامانجەکانی تاک و کۆمەڵگای چەوساوە نەیتوانیوە بە سەر هەموو چین و توێژەکان پەرە بسێنێت و ببێتە هۆی گۆڕانکاری بەر چاو.

خەباتی نەتەوەیی

خەباتی نەتەوەیی، خەباتی گەلێکە کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و سەروەریی سیاسی نییە، خاک و نیشتمانی دابەش یان داگیر کراوە، لە وڵاتەکەدا هوییەتی نەتەوەیی جیاوازە لە هی نەتەوەی حاکم، بەڵام نکۆڵی لەو جیاوازییە دەکرێ و هوییەتی سەربەخۆی لەلایەن سیستمی حۆکمڕانی نەتەوەی دەسەڵات بەدەستەوە دانی پێدانانرێ و مافە نەتەوایەتییەکانی ناسەلمێندرێ، بە هاووڵاتی دەرەجە ٢ دەژمێردرێ و مافە سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی لێ زەوت کراوە. لە هەموو بارێکەوە بەشێوەی سیستماتیک هەڵدەواردرێ، دەچەوسێتەوە و سەرکوت دەکرێ.

کاتێک ئەو گەلە چەوساوە و ستەملێکراوە بەمەبەستی دواییهێنان بەو بارودۆخە نارەوایە ڕادەبێ کە خۆی لە بندەستی و زوڵم و زۆر ڕزگار بکا و بڕیار دەدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و بە ئازادی و سەربەستی بژی، پێی دەگوترێ خەباتی نەتەوەیی.

ئەوە کە خەباتی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆ بەڕێوە دەچێ یان بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی ستەملێکراو لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، لەلایەکەوە گرێدراوە بە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی، بە تایبەتی بە هێز و دەسەڵات و یەکگرتوویی و ئاستی سازماندراوی و گشتگیربوونی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز و موشارەکەتی چالاکانەی خەڵک.

لەلایەکی دیکەوە، فاکتەری مەسڵەحەت و بەرژەوەندی یەکلاکەرەوەیە: ڕەنگە زۆرایەتی نەتەوەیەک کە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا دەژی و سەرجەم مافەکانی بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی وڵات دەستەبەر کراوە، لەباری سیاسی و ئابووری و ئەمنییەت و مێژووییەوە جیابوونەوە بە مەسڵەحەتی نەتەوەکەی نەزانێ، وەک کەبەک لە کانادا، تیرۆلی باشوور لە ئیتالیا، سکاتلەند لە بریتانیا جیاوازی هەڵوێست لەو پرسەدا بەهیچ جۆر بەو مانایە نییە کە لایەنگرانی جیانەبوونەوە لە سەربەخۆییخوازەکان کەمتر نیشتمانپەروەرن یان بەپێچەوانەوە. ئەوە دەکەوێتە مەقوولەی جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانین لە بەرژەوەندیی. مافێکی دێموکراتیک و ڕەوایە.

باری نەتەوەیی

کوردستان و داخوازی نەتەوەیی دوو ڕستەی گرێدراون تا ئەو کاتەی کە مافە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی لە پانتاییەکی دیمۆکراتیکی گشتی چارەسەر و مسۆگەر نەبن. زۆربەی پۆتانسیل و ئێنرژی تاکی ئاگای ئەم کۆمەڵگایە لە ڕێگەی خەبات و دابین کردنی ئامانجە نەتەوەییەکان سەرف ئەکرێت و بێ ئەوەی ڕەهەندەکانی ئەو هەموو تێکۆشانە بۆ دابینکردنی دادپەروەری بۆ هەموو کۆمەڵگای مرڤایەتی لێک بدەینەوە ئاماژە بە ئەوە ئەکەین کە ئەمڕۆش خواستی نەتەوەیی هەر کاتێ مەودای پێ بدرێت سەرتر لە خواستکانی تر خۆی دەنوێنێت و بناغە دانەر و چالاکانی ئەم چەمکە زۆر ئاسانتر ئەتوانن خەڵک بێنێنە سەر خەت و شەقام. جیاواز لە زیانەکانی هەستی نەتەوایەتی و ڕەگەز پەرەستی کە ئەتوانێ لە ئاکام دا ئەگەر لە هێڵی ڕاسەقینەی خۆی لا بدات و خسڵەتی فاشیستی و ڕاسیستی لە خۆ بگرێ، یەکێ لە هێماکانی زیندوو بوونی کۆمەڵگایە و ئەگەر هەل و کەڵکی باشی لێ وەرگیردرێت ئەتوانێ گۆڕانکاری مۆدێرن لە ژیانی کۆمڵگا درووست بکات. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی پێشینەیەکی مێژوویی لە خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، گەلێکی وشیار و ئاگان؛ بەڵام ئەوەی کە تا ئیستا نەیانتوانیوە بگەنە ئامانجەکانیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر و زانستیتر هەیە. ئەوەی کە ڕوونە ئێستاش دۆخی نەتەوەیی خەڵک لە کوردستان بە هۆی سەرکوت و زەختی ڕژیم باش نییە و هەر چەشنە جووڵەیەک کە هێمای نەتەوەیی-ڕامیاری هەبێت تووشی دژبەری و هەوڵی لە ناوبردنی لە لایەن دەسەڵاتەوە ئەدرێت. لە نێوان ئەم چل ساڵەی ڕابردوو خەباتی نەتەوەیی چ لە لایەن حیزبە سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەکانەوە و چ لە لایەن بزاڤە ڕۆشنبیر و چالاکە مەدەنی و فەرهەنگەکییانەوە؛ وەک ئێنرژییەک لە گۆشە و کۆنجی هەموو لایە و چینەکانەوە خۆی ڕاگرێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە. زۆر نموونەی خەباتی سیاسی و چالاکی هەیە کە ڕیشەی لە خەباتی نەت ەوەیی هەڵگرتووە. دەسەڵاتی ڕژیم تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو هەستە لە خەڵک بگرێتەوە و هەر هەلومەرجێک کە ڕەخسا بێ ئەو ئاگاهی نەتەوەییە بە جۆش و خرۆش هاتووە و وەک خواستێکی ئێنسانی کۆمەڵگا بۆ سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ درێژەی کێشاوە.ئەم خواست و تێکۆشانە کە لایەنی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئەتوانێ لەگەڵ ئامانجەکانی تری مرۆڤی ئەم ناوچەیە یەک بگرێت و بۆ داهاتوویەکی ڕوونتر کەڵکی لێ وەربگیردرێت.

ئەگەر پێناسەکانی هەلومەرجی نەتەوەیی هەڵسەنگێنین و ئاماژە بە هێما بەرچاوەکانی بکەین ناتوانین چاو پۆشی لەمانەی خوارەوە بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستییە بکەین:

١-زیندوو ڕاگرتنی بۆنە نەتەوەییەکان لە ناو کۆمەڵگا وەک نەورۆز

٢-تێکۆشانی فەرهەنگی بۆ زیندوو هێشتنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی

٣-چالاکی هۆنەری لە بوارەکانی گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی

٤-بەرز ڕاگرتنی نێو و خەباتی شۆڕشگێڕان و سەرۆکە کاریزماکانی کورد کە ژیانیان لە پێناو شۆڕشی نەتەوەیی بەخت کردووە

٥-هەوڵدان بۆ فێرکردن و نووسینی زمانی کوردی لە لایەن ئەنجۆمەن و ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکانەوە

٦-هەوڵ بۆ مانەوەی پۆشش و جل و بەرگی کوردی بە تایبەت لە لایەن لاوەکانەوە

ئەمانە وەک نموونەی هێماکانی نەتەوەیی لە کوردستان دەناسرێن و لە ماوەی ئەم چل و شەش ساڵەدا ڕوو لە گەشە کردندا بوون و هەر ساڵ بە چەشنێکی تازەترەوە لە ڕای گشتی کۆمەڵگا خۆ دەنوێنن. ڕژیم تا هەنووکە نەیتوانیوە ئەو هەستە لە خەڵک بگرێت و هەوڵەکانی بۆ ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و نەتەوەیی پووچەڵ کراون هەر چەند لە هەندێ شوێن توانیویە سیاسەتەکانی پێش بەرێت.

لێرە دەبێ بوترێت کە ژیانی ئابووری، سیاسی، نەتەوەیی و چینایەتی تاک لە ناو کۆمەڵگا هەر سات لە تەوەژمی جوراجۆردایە و پێدەچێ لەم سەردەمە تووشی ئاڵوگۆڕی تایبەت بێت کە دواتر لە سەر خسڵەت و تایبەتمەندییەکانی وڵات کاریگەری بێت.



**خەباتی نەتەوەیی، خەباتی گەلێکە کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و سەروەریی سیاسی نییە، خاك و نیشتمانی دابەش یان داگیر کراوە. لە وڵاتەکەدا هوییەتی نەتەوەیی جیاوازە لە هی نەتەوەی حاکم، بەڵام نکۆڵی لەو جیاوازییە دەکرێ و هوییەتی سەربەخۆی لەلایەن سیستەمی حۆکمڕانی نەتەوەی دەسەڵات بەدەستەوە دانی پێدانانرێ و مافە نەتەوایەتییەکانی ناسەلمێندرێ، بە هاووڵاتی دەرەجە ٢ دەژمێردرێ و مافە سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی لێ زەوت کراوە. لە هەموو بارێکەوە بەشێوەی سیستماتیك هەڵدەواردرێ، دەچەوسێتەوە و سەرکوت دەکرێ.**

**کاتێك ئەو گەلە چەوساوە و ستەملێکراوە بەمەبەستی دواییهێنان بەو بارودۆخە نارەوایە ڕادەبێ کە خۆی لە بندەستی و زوڵم و زۆر ڕزگار بکا و بڕیار دەدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و بە ئازادی و سەربەستی بژی، پێی دەگوترێ خەباتی نەتەوەیی.**

# کۆمەڵە، پرسی نەتەوەیی کورد و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی



دواڕۆژ

بناغەی خەباتی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو ڕوانینە دامەزراوە کە دەسەڵات بەسەر خاکی کوردستاندا مافی خەڵکی کوردستانە و هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد خۆی بە سەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بکات، نایاسایی و ناڕەوایە. لە ڕوانگەی ئێمەوە داگیرکراوبوونی کوردستان ڕێگری سەرەکیی سەروەری، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، و بەختەوەریی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانە.

کوردستان لە سەدەکانی پێشوودا، مەیدانی ململانێ و شەڕی هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بووە و سەروەری، ئازادی و مافەکانی نەتەوەی کورد لەو کێشە و ئاڵۆزییانەدا ژێر پێ خراوە و کوردستان لەم دۆخە خەساری زۆری دیوە و بە پێی مەسڵەحەتی دەسەڵاتانی ناوچە و جیهان دابەش و داگیرکراوە. لە سەردەمی نوێدا، خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی و خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستان، بەردەوام درێژەی هەبووە. ئەم خەباتە خاوەن وزەیەکی بەرچاوی دیموکراتیک، سیکۆلار، پێشکەوتنخوازانە و جەماوەرییە. کوردستان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، لە پێناو بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەداری لە نێوان چوار دەوڵەتی داگیرکەرەدا دابەش کرا و بوو بە قوربانیی سات و سەودایەکی ئەمپریالیستی. بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە مەسەلەی کورد لە هەموو کوردستان لە ڕاستیدا یەک مەسەلەیە و ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان یەک سەرچاوەی هەیە.

**کوردستان لە سەدەکانی پێشوودا، مەیدانی ململانێ و شەڕی هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بووە و سەروەری، ئازادی و مافەکانی نەتەوەی کورد لەو کێشە و ئاڵۆزییانەدا ژێر پێ خراوە و کوردستان لەم دۆخە خەساری زۆری دیوە و بە پێی مەسڵەحەتی دەسەڵاتانی ناوچە و جیهان دابەش و داگیرکراوە. لە سەردەمی نوێدا، خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی و خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستان، بەردەوام درێژەی هەبووە. ئەم خەباتە خاوەن وزەیەکی بەرچاوی دیموکراتیك، سیکۆلار، پێشکەوتنخوازانە و جەماوەرییە. کوردستان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، لە پێناو بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەداری لە نێوان چوار دەوڵەتی داگیرکەرەدا دابەش کرا و بوو بە قوربانیی سات و سەودایەکی ئەمپریالیستی. بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە مەسەلەی کورد لە هەموو کوردستان لە ڕاستیدا یەك مەسەلەیە و ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان یەك سەرچاوەی هەیە.**

لە ڕوانگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس تا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان مافێکی بێئەملاوئەولای نەتەوەی کوردە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو هەموو نەتەوە ئازادەکانی جیهان، خۆیان خاوەنی مافی دیموکراتیکی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سیاسیی وڵاتەکەیانن، هاوکات ئەو مافە بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەڕەسمی دەناسین و پشتیوانیی لێ دەکەین.

کۆمەڵە لەبەر بڕوای بە مافی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان و بڕوای قووڵی بە گەڕاندنەوەی ئیرادە و دەسەڵات بۆ خەڵک، ڕێز لە هەر جۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسی کە ئیرادەی دیموکراتیکی خەڵک لە داهاتووی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات و هەڵیببژێرێت، دەگرێت. هاوکات لە باسی چارەسەری ستەمی نەتەوەییدا سەربەخۆیی بە ئامانجی دواڕۆژ و ئاسۆی بۆ ڕزگاریی یەکجاری لە ستەمی نەتەوەیی دەزانێت و لە ڕێڕەوی ئەو خەباتەدا بەشدار و ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ هەر دەسکەوتێک و هەنگاوێکی بەرەوپێش بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەبێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە چوونەدەرەوەی هێز و سوپای داگیرکەر لە کوردستان مەرجێکی سەرەتایی و سەرەکیی گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافە زەوتکراوەکانیەتی. ئامانجی ستراتێژیکی گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەست، یەکسان، عادیلانە و پێشکەوتوو دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ڕێکار و تەکتیکی دروست بۆ کاری ئەمڕۆ و داهاتووی نزیکمان و زەمینەی زەینی و فیکریش لە نێو کۆمەڵگادا ئامادە دەکات بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا دڵنیا بن ئەوانە تەنیا ئاوات و خەیاڵ نین و دەبێت خۆمانیان بۆ تەیار کەین و بیانکەینە ڕاستییەکانی داهاتوومان.

لە زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی خوێناویی و سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، سەرەڕای هێرشی بەرینی نیزامی و میلیتاریزەکرانی کوردستان، بۆمبارانی شار و دێ و گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجە و ئیعدامی بەکۆمەڵی خەباتکارانی کورد لە کوردستان، نەیتوانیوە چۆک بە نەتەوەی کورد دابدات و لە خەبات بۆ ڕزگاری پاشگەزیان بکاتەوە و بە پێچەوانە نەتەوەی کورد تا هاتووە بەرەو خۆئاگایی، بەرزتربوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی و هاوپشتی هەنگاوی ناوە و جوگرافیای خەباتەکەی بەرینتر بووەتەوە. ئەم خەباتە بە هەوڵ و کاریگەریی کۆمەڵە و ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکانی دیکەی کوردستان هاوکات پێشکەوتووتر، یەکسانیخوازتر و دادپەروەریخوازتر بووە. کۆمەڵە ڕێکخستن و ڕابەری کردنی ئەم خەباتە ڕوو لە گەشەیە بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێت.

لە نێو بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانیدا کۆمەڵە حیزبی هەوڵ بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە، ژێردەستی و هەڵاواردنە و خۆی بە حیزبی هیوا و ئاواتەکانی نەتەوەی کورد و چینی چەوساوە و مافخوراو دەزانێت. کۆمەڵە هەروەک چۆن لە سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و ساڵانی دواتردا سەلماندی کە دەتوانێت بە داهێنانی نوێ و بیری پێشکەوتوو و ئینسانی یەکێک لە کاریگەرترین حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بێت و ڕێبەرایەتیی خەباتی نەتەوەیی بە ناوەرۆکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانە و دژە هەڵاواردن بگرێتە ئەستۆ، ئێستاش دەتوانێت و دەبێت خەباتی جەماوەری و دیموکراتیکی خەڵکی کورد بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی ڕێک بخات و لەو خەباتەدا پەرەپێدەری پێشڕەوترین بیروبۆچوونی مرۆیی، دادپەروەریخوازانە، یەکسانیخوازانە و ئازادیخوازانەی سەردەم بێ.

# نەوەی Z: عەقڵانییەت لە جیهانێکی ناجێگیردا

## شیکارییەکی کۆمەڵناسی بۆ پێناسەکردنەوەی بەهاکان، کردەی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی جیهانگیریدا



ڕۆژین کەرەموەیسە



**پێشەکی**

لەگەڵ خێرابوونی گۆڕانکارییە جیهانییەکان لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا، ئابووری، کولتوور و سیاسەت، چەمکی "نەوە" زیاتر لە جاران بووەتە پرسێکی شیکاری. نەوەکان چیتر تەنیا گروپێکی هاو تەمەن نین، بەڵکو هەڵگری نەخشە جیاوازەکانی ئەزموونی ژیان و سیستەمی بەها و شێوازەکانی کردەی کۆمەڵایەتین.

نەوەی Z _ئەوانەی لە نزیکەیی ساڵی ٢٠٠٠ و دواتر لەدایک بوون_ بووەتە جێگەی سەرنجی زانایانی کۆمەڵایەتی و داڕێژەرانی سیاسەت و شیکارانی کولتووری. سەرەڕای لێکۆڵینەوەهای بەرفراوان، تێگەیشتنەکان لە نەوەی Z زۆرجار سادە، کۆنەپەرستانە، یان بچووککەرەوەیە. وەسفەکانی وەک «لێبوردەیی کەم»، «دژە نەریتی»، «ناجێگیر»، یان «نەبوونی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی» ڕەنگدانەوەی دڵەڕاوکێی نەوەکانی پێشوو سەبارەت بە گۆڕانکاری خێرایە نەک شیکارییەک کە لەسەر بنەمای کۆنتێکستە پێکهاتەییەکان بێت. ئەم بابەتە نەوەی Z نەک وەک کێشەیێک بەڵکو وەک وەڵامێکی عەقڵانی بۆ بارودۆخە مێژووییە تایبەتەکانی جیهانی هاوچەرخ دەکۆڵێتەوە.

نەوە، وەک ئەزموونێکی مێژوویی نەک تەنیا گروپێکی هاوتەمەن

لە تیۆریی کلاسیکی کۆمەڵناسیی نەوەکان، بە تایبەت لە شیکارییەکانی کارل مانهایمدا، نەوەکان بەرهەمی هاوکاتی بایۆلۆژی و بەرکەوتنی هاوبەش بە ڕووداوە مێژووییەکانن. ئەوەی نەوەی Z جیادەکاتەوە تەنیا تەمەن یان تەکنەلۆژیا نییە، بەڵکو جۆرێکی تایبەتی کۆمەڵایەتیکردنە لە چوارچێوەی جیهانگیری و ناسەقامگیری پێکهاتەیی و وەرینی دەسەڵات لە جیهانی هارچەرخدا.

نەوەی Z یەکەم نەوەیە کە جیهانگیری ئەزموون دەکات، نە وەک پرۆسەیەکی دەرەکی، بەڵکو وەک جیهانێک بۆ بە سەربردنی ژیانی ڕۆژانە؛ جیهانێک کە گۆڕانکارییەکانی بەردەوامە و سەقامگیری ناجێگیرە.

گلۆبالیزم و ژیان لە جیهانی پۆلیفۆنیدا

یەکێک لە دەرئەنجامە بنەڕەتییەکانی گلۆبالیزم، دارمانی دەقی هێژمونی و لاوازبوونی دەسەڵاتی تایبەت لە بەرهەمهێنانی مانادا بووە، لە چوارچێوەی گلۆبالیزمدا، جیهانی کۆمەڵایەتی دەبێتە فەزایەکی پۆلیفۆنی کە چەندین دەنگ و دەق و سیستەم لە یەک کاتدا ئامادەن و هیچ تاکە گوتارێک ناتوانێت بە تەواوی بەسەر مەیدانی مانا زاڵ بێت. نەوەی Z لەم دونیایەدا کۆمەڵایەتی کراوە، جیهانێک کە تێیدا ڕاستی بابەتێکی سەقامگیر نییە، بەڵکو دەرئەنجامی پرۆسەی بەردەوامی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن و بیرکردنەوەیە، لەم چوارچێوەیەدا، ئیتر ئیعتباری کۆمەڵایەتی لە پێگەی دامەزراوەیی یان نەریتییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بە هێزی قایلکردن و یەکگرتوویی ناوخۆیی و هاوئاهەنگی گوتار و کردەوە بەستراوە.

لە گوێڕایەڵی دامەزراوەییەوە بۆ حوکمدانی ڕەخنەگرانە: گۆڕانی لۆژیکی متمانەپێکردن.

نەوەی Z، بە دەستڕاگەیشتنێکی بەرفراوان بە زانیاری و توانای بەراوردکاری بەردەوام، جۆرێک لە عەقڵانییەتی هەڵسەنگاندنی پەرەپێداوە. لەم مۆدێلەدا جێ‌متمانەی گوتار بە پێگەی کۆمەڵایەتی دیاری ناکرێ، بەڵکو بە؛ بەڵگە، یەکگرتوویی لۆژیکی، یەکگرتوویی نێوان وتار و کردار سەرهەڵدەدات. ئەم تایبەتمەندییە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی نەوەی Z زیاتر بە درۆ و دووڕوویی و ناتەبایی دامەزراوەیی هەستیارە، ناسینەوەی خێرای ناتەباییەکان لە ئەنجامی ڕەشبینییەوە نییە، بەڵکو دەرئەنجامی زیادبوونی خوێندەواری زانیاری و ئەزموونی ژیانی جیهانییە.

پراگماتیزمی بێ ئایدۆلۆژیا: بۆچی ئەنجام لە دروشم گرنگتر بوو؟

زۆرجار پراگماتیزمی نەوەی Z بە هەڵە بە هەوڵ یا ساویلکە لێکدانەوەی بۆ ئەکرێ، بەڵام پێویستە ئەم تایبەتمەندییە لە پێوەندی لەگەڵ جیهانێکدا شی بکرێتەوە کە لەوێدا: .ڕێگاکانی پیشەیی ناجێگیرن. .داهاتوو پێشبینی نەکراوە. ڕاگرتنی بڕیار تێچووی زۆر دەبێتەوە. لە چوارچێوەیەکی وادا گرنگیدان بە ئەنجام و کردار لاوازی کەسایەتی نییە، بەڵکو ستراتیژییەکی عەقڵانییە بۆ مانەوە و خۆ گونجان. نەوەی Z کەمتر بایەخ بە پرۆسەی درێژخایەن و هێمادار دەدات و زیاتر سەرنجی کاریگەری ڕاستەقینەی کردارەکان دەدات.

نەوەی Z و POST-MATERIALIST TENDENCIES

توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان دەریدەخەن کە نەوەی Z کەمتر مەیلی بەرەو کۆ کردنەوەی دارایی بە شێوەی کلاسیک و بەکارهێنانی بەرچاو هەیە. لە هەمان کاتدا ئەم نەوەیە چاوپۆشی لە پێویستی ئاسایشی ئابووری ناکات. ئەوەی کە ئەبینرێت جۆرێکە لە پێناسەکردنەوەی قازانج؛ قازانجێک کە تەنیا بە قازانجی دارایی سنووردار ناکرێ بەڵکو بە بەهاگەلێک وەکوو دادپەروەری، مانا، تەندروستی دەروونی و ڕەسەنایەتی کەسی پەیوەستە. ئەم مۆدێلە دەتوانین پێی بڵێین POST-MATERIALIST TENDENCIES، ڕێبازێک کە هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییە مادییەکان و ئەرکە مرۆییەکان بەبێ ئەوەی پەنا بۆ دروشمی ئەخلاقی ببات دروست دەکات، هەروەها توانای نەوەی Z بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئاڵۆز و فرە چینییەکانی جیهانی هاوچەرخدا نیشان دەدات.

تاکگەرایی بەهاکان و کردەوەی دادپەروەرانە

زیادبوونی تاکگەرایی نەوەی Z نابێت لەگەڵ تاکگەرایی توندڕەو یان هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵ تێکەڵ بکرێت. ئەوەی لەم نەوەیەدا دیارە، سەربەخۆیی لە بڕیاری ئەخلاقی و هەڵبژاردنی بەهاکانە (گۆڕانی فۆرمی بەها). لە هەمان کاتدا، هەستیاری بەرز بەرامبەر بە نایەکسانی و جیاکاری و نادادپەروەری ئەوە پیشان دەدات کە کردەی کۆمەڵایەتی نەوەی Z هێشتا بەکۆمەڵگەراییە، بەڵام لە فۆرمەکانی نەریتی و پلەبەندیدا نییە.

خێراکردنی بڕیاردان و کەمکردنەوەی وریایی

خێرایی زیاتر لە بڕیاردان و بێتاقەتی لە وەستان لە تایبەتمەندییە دیارەکانی نەوەی Zە. ئەم تایبەتمەندییە پێویستە وەک دەرئەنجامی: .خێرایی سووڕانەوەی زانیارییەکان. .کورت بوونەوەی خولگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ئەزموونی بەردەوامی نادڵنیایی بزانین. بەم مانایە، پەلەکردن لە بڕیاردان، نەبوونی عەقڵانییەت نییە، بەڵکو لەگەڵ لۆژیکی سەردەم گونجاندنە.

دەرەنجام: بۆشایی نەوەکان، گواستنەوەی دەسەڵات، و پێویستی پێداچوونەوەی دامەزراوەیی

شیکاری نەوەی Z ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆرێک لە گرژیی نێوان نەوەکان ڕەگیان لە تایبەتمەندییەکانی ئەم نەوەیەدا نییە، بەڵکو لە بێتوانایی نەوەکانی پێشوو و پێکهاتە باڵادەستەکان لە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دایە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پرۆسەی گواستنەوەی سەرکردایەتی، تێگەیشتن لە نەوەی Z ناتەواو دەبێت.

**پاشەکی:**

نەوەکانی پێشوو، بە هۆی پشتبەستنیان بە نەخشە جێگیر کراوەکان و لاواز بوونی سازگاری دامەزراوەیی، لە تێگەیشتن لە لۆژیکی کۆمەڵایەتی-بایۆلۆژی نەوەی Z بێ ئاکام و سنووردارن و بە تەواوەتی نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی نوێ بگونجێنن، ئەمەش زۆرجار بووەتە هۆی دوورخستنەوە و بێمتمانەیی و بەشداریکردنی سنووورداری نەوەی نوێ.

لە بەرانبەردا نەوەی Z توانایەکی بەرزی بۆ بەڕێوەبردنی چەندین ئەرک و بڕیاردان لە ژێر نادڵنیاییدا و سەرکردایەتی شەبەکەیی هەیە، ئەم توانایانە بە سوودێکی ستراتیژی بەتایبەت لە جیهانێکی ناسەقامگیردا دادەنرێت. بەڵام جیهانی مۆدێرن نەیتوانیوە ژینگەیەکی سەقامگیری کۆمەڵایەتی-بایۆلۆژی بۆ ئەم نەوەیە دابین بکات. دەرئەنجامی ئەم دۆخە دروستبوونی جۆرێک لە دڵەڕاوکێیە کە نابێت لەگەڵ دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بکرێت. نەوەی Z لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەهێزکراوە؛ ئەوەی ئەزموونی دەکات دڵەڕاوکێیە لە داهاتوو و بێمتمانەیی بە سەقامگیری پێکهاتەکان.

بەم پێیە ڕاسپاردەی سەرەکی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دامەزراوە پەروەردەیی و ڕێکخراوەیی و سیاسەتڕێژەکان بە زیادکردنی متمانە بە تواناکانی نەوەی Z و ڕاسپاردنی بەرپرسیارێتی ڕاستەقینە و قبوڵکردنی فۆڕمی نوێی بەشداریکردن و سەرکردایەتیکردن، ئیمکانی بەشداری چالاکانەی ئەم نەوەیە دابین بکەن.لە جیهانێکدا کە گۆڕانکاری بووەتە نۆرم، قەبول نەکردنی نەوە نوێیەکان نەک هەر دەبێتە ڕێگر لە گەشەکردنیان، بەڵکو دەبێتە ڕێگرێک بۆ دینامیزم و مانەوەی کۆمەڵگا بە گشتی.

# سیاسەتی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ



د. محەممەد حسێن زادە

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

ولاتانی ڕۆژاوا بە باشی دەرک بەو ڕاستییە دەکەن و لێی تێدەگەن بۆیە لە پاڵ ئەوەدا کە بێ ئەملا و ئەولا بڕوایان بە جێبەجێکردنی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێوخۆییدا هەیە، زۆر جاریش دەبینین کە لە سیاسەتی دەرەوەدا لە مافی مرۆڤ وەک ئامرازی دابینکردنی بەرژەوەندییەکان کەڵک وەردەگرن و سیاسەتی دووفاقە یان جیاواز لە بەرانبەر ئەکتەرە جیاوازەکاندا دەگرنە بەر. هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەندێ لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی لیبرال لە چوارچێوەی پەرەپێدان بە مافی مرۆڤدا دابین دەبن و لە یەک ئاراستەدان بەڵام هەندێ جار گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی تر. ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی شەڕی ساردا زۆر جار پشتیوانی لە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان دەکرد و لە بەرامبەر ڕەوتی دێموکراسی و بزووتنەوە دێموکراتییەکاندا دەوەستایەوە دەبێ لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت. هۆکارەکەی ئەوە بوو کە ئەمریکا پێی وابوو لادانی دیکتاتۆرەکان و ناسەقامگیری دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە ناوچە جیاوازەکاندا. ئەوەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناتەبا بوو. لە ڕاستیدا ئامانجی ڕۆژاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا [وەک هەموو وڵاتانی تر] ئەوە نییە کە لە چوارچێوەی نۆرمەکانی مافی مرۆڤدا ڕەفتاری خۆیان لە سیاسەتی دەرەکیدا دابڕێژێن، بەڵکو بە پێی بەرژەوەندییەکانیان مامەڵە لەگەڵ مافی مرۆڤدا دەکەن. هەڵبەت قەبووڵکردنی ئەو ڕوانگە ڕیالیستییە بۆ زۆر کەس سەختە و تەنانەت نەفرەتیان لێی هەیە، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە لە ئێستادا بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی سیستەم بە تایبەت ئەو بەشەی کە لەگەڵ پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ لە یەک ئاراستەدان لە قازانجی مرۆڤایەتییە.

٦.ڤلادیمیر پۆتین لە چیچان بە توندترین شێواز مافی مرۆڤی پێشێل دەکات بەڵام ئەمریکا و ڕۆژاوا هیچ گرنگییەک بە مافی مرۆڤ نادەن، چونکە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە کە لە دژی ڕووسیا هەڵوێست بگرن. وڵاتانی ڕۆژاوا و ناتۆ لە دەیەی ١٩٩٠دا لە یۆگسلاڤیا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی زیاتری مافی مرۆڤ دەستێوەردانی سەربازی دەکەن بەڵام سەبارەت بەو ژینۆسایدەی کە هاوکات لە ئافریقا، لە ڕواندا، لە ئارادایە هیچ هەڵوێستێک ناگرن. پێشتریش لە بەرانبەر ئەنفالکردنی کورد و ژینوساید لە عێراقدا بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی هەڵدەبژێرن. ئوباما لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ هیچ هەڵوێستێک لە بەرانبەر سەرکوتی خەڵک لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە ناگرێت بۆ ئەوەی ئاستەنگێک لە گفتوگۆکان سەبارەت بە پەروەندەی ئەتۆمی دروست نەکات و لە ڕێککەوتنەکەیشدا هیچ ئاماژەیەک بە مافی مرۆڤ ناکرێت. بە چوونەدەرەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنەکە و بەرپرچدانەوەی ئێران لە چوارچێوەی پیتاندنی یورانیومدا،

**ئەمریکا پێی وابوو لادانی دیکتاتۆرەکان و ناسەقامگیری دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە ناوچە جیاوازەکاندا. ئەوەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناتەبا بوو. لە ڕاستیدا ئامانجی ڕۆژاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا [وەك هەموو وڵاتانی تر] ئەوە نییە کە لە چوارچێوەی نۆرمەکانی مافی مرۆڤدا ڕەفتاری خۆیان لە سیاسەتی دەرەکیدا دابڕێژێن، بەڵکو بە پێی بەرژەوەندییەکانیان مامەڵە لەگەڵ مافی مرۆڤدا دەکەن. هەڵبەت قەبووڵکردنی ئەو ڕوانگە ڕیالیستییە بۆ زۆر کەس سەختە و تەنانەت نەفرەتیان لێی هەیە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە لە ئێستادا بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی سیستەم بە تایبەت ئەو بەشەی کە لەگەڵ پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ لە یەك ئاراستەدان لە قازانجی مرۆڤایەتییە.**

هەمدیسان پرسی مافی مرۆڤ زیندوو دەکرێتەوە. ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا کاتێ کێشەکانیان لەگەڵ وڵاتی چین زیاتر دەبێ، زیاتر پەرە بە ڕەخنەکانیان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەدەن و بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان پرسی مافی مرۆڤ دەکەوێتە پەراوێزەوە. ئەو کاتانەی تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ چڕ و پڕە وڵاتانی ئەورووپایی لە بەرانبەر سەرکوتی نەتەوەی کورد بێدەنگن بەڵام کاتێ ڕووسیا نزیک لە ڕووسیا دەبێتەوە و



چەکی لێ دەکڕێ تازە بیریان دەکەویتەوە کە نەتەوەی کورد لە تورکیا مافەکانیان پێشێل کراوە. دەکرێ ئەم لیستە زۆر درێژ بکرێتەوە.

٧.مافی مرۆڤ لە خۆیدا بابەتێکی ئەخلاقییە. بەڵام کاتێ لەسەر ڕەفتار و کردەوەی دەوڵەتەکان کاریگەری دادەنێت دەبێتە بابەتێکی سیاسیی. لە جیهانی مودێرندا هیچ دەوڵەتێک سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکان داناڕێژێت مەگەر ئەوەی جێبەجێکردنی ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکان لە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیدا بن. تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک جووڵێنەری لیبرالیزمی هاوچەرخ خۆی بە کردەوە بە بەرپرسیار و گەرەنتیکەری جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ نازانێت ئەگەرچی لە لێدوان و بڵاڤۆکەکانیدا بە چڕی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ڕێبەرە ڕیالیستەکانی ئەمریکا کە لە نێو جەماوەردا بە زمانی ئەخلاقی قسە دەکەن لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بە زمانی هێز دەدوێن. لە بنەڕەتدا لە نێوان ئەو سیاسەتەی کە لە زمانی ڕابەڕانەوە ڕادەگەیەندرێت لەگەڵ ئەو سیاسەتەی کە جێبەجێ دەکرێت جیاوازییەکی زۆر هەیە. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە هەرچەندە لایەنگرێکی ئەوتۆی نەبێت. لە مێژووی ئەمریکادا ڕوانگەی جیاواز هەن سەبارەت بە ڕۆڵی ئەخلاق لە سیاسەتی دەرەکیدا. جان کوئینسی ئادامز (١٧٦٧-١٨٤٨) شەشەمین سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوای وابوو داسەپاندنی بنەماکانی حوکمڕانی ئەمریکا بەسەر ئەوانی تردا ئەرکی ئەمریکا نییە، بەڵکو ئەرکی ئەمریکییەکان ئەوەیە کە ئەمریکا بکەنە سەرمەشق و نموونەیەک بۆ ئەوەی سەرنجی وڵاتانی تر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. بە پێچەوانەوە ویلسۆن سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە سەرردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا لە فکری ئەوەدا بوو کە جیهان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی ئامادە بکات و جیهان بە ئیرادەی ئەمریکا بگۆڕێت. بە کۆتاییهاتن و بێ سوودبوونی ڕوانگەی ویلسۆنیزم و بە تایبەت بە دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی ئەمریکا ڕوانگەیەکی ڕیالیستی گرتەبەر. واتە لە کردەوەدا سیاسەتی هێز و لە بانگەشەدا جەخت لەسەر ئامۆژگارییەکانی لیبرالیزم کە یەکێکیان مافی مرۆڤە. بۆیە سەیر نییە کە ئەمریکا دەتوانێ پاش شەڕی دوەمی جیهانی بە ڕووکەشی ڕازاوەی هێنانە ئارای ئاشتی و سەقامگیری کەڵک لە بومبی

...بۆ ل ١١

درێژەی لاپەڕی ١٠

ئەتۆم و هیدرۆژنی وەربگرێ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ژاپۆن و پێشوازی زۆریشی لێ بکرێ. دەتوانێ لە ساڵانی شەڕی ساردا بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەهریمەنی کۆمۆنیزم و ڕێگریکردن لە دوژمنی لیبرالیزم پاڵپشتی دەسەڵاتدارانی دیکتاتور و دژایەتی دیموکراسی بکات. لە هەمووی گرنگتر دەتوانێ لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا (لیبرالیزمی) ویلسۆنیزم بخاتە نیو پۆتینی سەربازەکان (ڕیالیزم) و بە مەبەستی پەرەپێدان بە دیموکراسی و ڕووخاندنی دیکتاتوریەت هێرش بکاتە سەر عێراق. ویلسۆنیزم لە چەکمەدا واتە جێگیرکردن و بەدیهێنانی دیموکراسی بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازی.

٨.کەمتر کەسانێک ئەو واقعیەتە ڕیالیستییە قەبووڵ دەکەن و هەڵبەت ئەوەش ئاساییە چونکە هەروا کە پێشتر ئاماژەم کرد لە سەردەمی ئێستادا زۆر جار سیاسەتە ڕیالیستییەکانی وڵاتانی زلهێز لەگەڵ پێداویستییەکانی لیبرالیزم کە بەشێکی پەرەپێدان بە مافی مرۆڤە تەبا و پێکەوەگونجاون و ویستی هێزخوازی وڵاتانی زلهێز لەگەڵ بنەما ئەخلاقییەکان دەگونجن و سیاسەتی هێزویستی لەگەڵ بنەما فەلسەفییەکانی لیبرالیزم یەک دەگرنەوە. بۆ نموونە شەڕی ئەمریکا لەگەڵ فاشیزم، نازیزم و کۆمۆنیزم لە سەردەمی شەڕی سارد و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا لەگەڵ تیرۆریزم لە سەردەمی پاش شەڕی سارد هەم ڕیالیستییە و هەم بنەماکانی لیبرالیزم لە خۆ دەگرێ و بۆ سیاسەتوانان کارێکی دژوار نییە کە وەک شەڕی ئایدۆلۆژیک پاساوی بۆ بێننەوە. تەنانەت ئەگەر بنەماکانی لیبرالیزم لەگەڵ سیاسەتی ڕیالیستی ناتەبا بن ئەوەندە پسپۆڕ و شارەزایان لە بەردەستدایە کە ئایدیایەک بۆ خەڵک چێ بکەن. هەر بۆیە سەیر نییە کە لە ساڵی ١٩٣٩دا زۆرێک لە ئەمریکییەکان سۆڤیەتی ستالین بە هۆی ستەم و چەوساندنەوە بە ئەهریمەن دەزانن بەڵام لە ساڵی ١٩٤١دا سۆڤیەت دەبێتە هاوپەیمانێکی دیموکرات و ستالین دەبێتە مامە جۆ و هەمدیسان بە تێکشکانی هیتلێر سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە جێگای ئەهریمەن دەگرێتەوە (١) و ئەمریکا و ڕۆژاوا چڕ




**ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەمریکا بەردەوام لە سیاسەتی دەرەکیدا لایەنگری مافی مرۆڤ بێت. چونکە ئەو سیاسەتە هەندێ جار دەتوانێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لێکدژ بێت. بە تایبەت لەو کاتانەدا کە ئەمریکا بەرژەوەندی گرنگتر لە مافی مرۆڤی هەیە. ئەو بابەتە هەر ئێستا لە جۆری سیاسەت و پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر ئاشکرایە. ئەمریکا ڕاشکاوانە لە هەندێ لە وڵاتان ڕەخنە دەگرێ و هەندێ جار گەمارۆ و ئابڵۆقە دەخاتە سەریان بەڵام لە حەنای هەندێکی تر لەو وڵاتانە بێ دەنگە و باشترین پەیوەندی لەگەڵیان هەیە و کارێ ناکات کە پەیوەندییەکانی لەگەڵیان تێك بچن.**

دەبنەوە لەسەر بارودۆخی نیوخۆیی و مافی مرۆڤ لە نیوخۆی ئەو وڵاتەدا.

٩. ئەو باسانە نیشاندەری ئەوەن کە وڵاتانی دامەزرێنەر و دانەری بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت وڵاتانی زلهێزی لیبرالیش زۆر جار لە سیاسەتی دەرەکیدا مافی مرۆڤ وەک ئامرازێکی دابینکردنی بەرژەوەندییەکان دەبینن، چ لە ڕێگای گرتنەبەری سیاسەتی دووفاقە و چ لە ڕێگای قوربانیکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر. ئەمە بە مانای چاکی و خراپی وڵاتان نییە، بەڵکو پێکهاتەی ئانارشیکی سیاسەتی نێودەوڵەتی وا دەکات کە ئەولەوییەت و ئامانجی هەموو وڵاتان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا سیاسەتێکی ئەخلاقی دادەڕێژن یان نا، دابینکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و لەسەرووی هەموویانەوە دابینکردنی ئاسایشی خۆیان بێت. لە سیاسەتی دەرەکیدا بەرژەوەندی نەتەوەیی چرای ڕێنوێنی سیاسەتی دەرەکییە. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی زلهێز وەک ئەمریکا بە تەواوەتی خۆی بە بەرپرسیاری پەرەپێدان بە مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا بزانێت، ممکین نییە بتوانێ بەو ئامانجە بگات، چونکە ئەمریکا لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا خاوەن بەرژەوەندی جۆراوجۆرە کە مافی مرۆڤ تەنیا یەکێکە لەوانە.

ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەمریکا بەردەوام لە سیاسەتی دەرەکیدا لایەنگری مافی مرۆڤ بێت، چونکە ئەو سیاسەتە هەندێ جار دەتوانێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لێکدژ بێت، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە ئەمریکا بەرژەوەندی گرنگتر لە مافی مرۆڤی هەیە. ئەو بابەتە هەر ئێستا لە جۆری سیاسەت و پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر ئاشکرایە. ئەمریکا ڕاشکاوانە لە هەندێ لە وڵاتان ڕەخنە دەگرێ و هەندێ جار گەمارۆ و ئابڵۆقە دەخاتە سەریان بەڵام لە حەنای هەندێکی تر لەو وڵاتانە بێ دەنگە و باشترین پەیوەندی لەگەڵیان هەیە و کارێ ناکات کە پەیوەندییەکانی لەگەڵیان تێک بچن.

١٠.بە گشتیی، ڕەفتاری ئەخلاقی بۆ تاک ممکینە و دەکرێ، بۆ گرووپ سەختە بەڵام بۆ دەوڵەت ناکردنی و نامکینە. ماکیاڤێللی چەند سەدە پێش ئێستا تەحەدای ئەو گریمانەیە کرد کە پێی وایە دەوڵەت دەبێ ئامانجێکی ئەخلاقی هەبێت. ئەو ڕوانگەیە ئێستاش و بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بە تەواوەتی درووستە. لە ئاستی دەرەکیدا تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە زێدەڕۆیی ئەخلاقی و بە هەڵە تێگەیشتن لە بنەماکانی سیاسەت ڕزگارمان دەکات. کەڵکەڵەی سەرەکی دەوڵەتەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی تر بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی نیشتمانییە. نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە مافەکانی مرۆڤ ببێتە چرای ڕێنوێنی سیاسەتی دەرەکی.

ژمارە (١٤١) ساڵی دەیەم، ٢٠٢٦/١/٤
dwaroj.net
Dwaroj@komala.com
DwaRoj
سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی
بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

# ڕاگەیاندنی کۆمەڵە
## سەبارەت بە ئاخێزی جەماوەری، سەرکوتی خوێناویی ڕژێم و پێویستیی کۆتایی پێهاتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران



ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕوودەدات، ناڕەزایییەکی کاتی یان ئاخێزێکی تێپەڕ نییە، بەڵکوو بەرامبەرکێیەکی بنەڕەتییە لە نێوان کۆمەولانی ڕاپەڕیو و دەسەڵاتێک کە ڕەوایەتی، توان و شکۆی درۆیینەی وخۆی بە تەواوەتی دۆڕاندووە. ئاخێزی خەڵک لە مەڵەکشایی، کرماشان، ئیلام، لوڕستان، هەمەدان، چوارمەحاڵ و بەختیاری و دەیان شار و شارۆچکەی دیکە بە ڕوونی ڕایگەیاندووە خەڵک بە گشتی لە سەر کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ساغن و ئەم کۆتاییە نەک لە ژوورەکانی دەسەڵات بەڵکوو لە سەر شەقامەکان و بە تێچووی قورسی خەباتکاران ڕوودەدات. لە مەڵەکشایی ئیلامدا حکوومەتی ئیسلامی دیسانەوە جەنایەتی خولقاند. کوشتنی خەڵکی ڕاپەڕیو، بریندار کردنی دەیان کەس و ڕێگرتن لە چارەسەری پزیشکی بۆ برینداران، بەشێک لە سیاسەتی پلان بۆ داڕێژراوی سەرکوتە، سیاسەتێک کە هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە لە کوردستان بەردەوام بووە و حکوومەتی ئێران وەکوو هەمیشە لەگەڵ کوردستان وەکوو ناوچەیەکی داگیرکراو جووڵاوەتەوە و ترسی لە خەباتی کوردستان و خەباتکارانی قووڵتر و جیددیتر و سەرکوتی توندتر و ئاشکراتر بووە. ئێمە داوا لە هەموو خەباتکاران و نەیارانی ئەم سیستەمە خوێنڕێژ و دیکتاتۆرە دەکەین بە هانای هاوخەباتەکانیان لە مەڵەکشاییەوە بچن و بەر بە تاوانەکانی دەزگای کوشتاری کۆماری ئیسلامی بگرن. خەباتکارانی مەڵەکشایی ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە پێویست و شیاوی پشتیوانی و بەرگریی هەمەلایەنەی هەموومانن. ئێمە هەموو هێز و توان و ڕێکخستنەکانی خۆمان بۆ یارمەتیدان و پشتیوانی لە خەباتکارانی مەڵەکشایی ڕێکدەخەین و خۆمان بە هاوسەنگەریان لە خەبات دژی دیکتاتۆری و داگیرکاری دەزانین.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەرکوت و گرتنی ڕاپەڕیوان بە توندی مەحکووم دەکات و بە هەموو توانیەوە بەشدار و پشتیوانی ئەم ڕاپەڕینە و ئامانجە مرۆییەکانی دەبێت. ڕێز لە یادی گیانبەختکردووانی دەگرین و پێداگری لە سەر مافی ڕەوای خەڵک بۆ بەرگری لەخۆیان و لە گیان و کەرامەتی ئینسانییان دەکەین. ئەم بەرگرییە دەبێت وشیارانە، ڕێکخراو و لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیدا بێ و ڕێگە نەدات کە خەباتی دادپەروەرانەی خەڵک ببێتە دەرفەتێک بۆ کایەی هەلپەرەستانە و دواکەوتووانە. هیچ بەشێکی دەسەڵات و هیچکام لە پاشماوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشووی ئێران ناتوانن خۆیان بە خاوەن و ڕێبەر و ڕێکخەری ئەم ناڕەزایییانە بکەن.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هاوپشت و هاوخەباتی خەڵکی ڕاپەڕیوی کرماشان، ئیلام، مەڵەکشایی و هەموو ناڕازیان و خەڵکی ڕاپەڕیوە و ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنێت:

* کۆماری ئیسلامیی ئێران چاکسازیی تێدا ناکرێت، ئەم حکوومەتە نە نوێنەری ئیرادەی خەڵکە و نە مافی ئینسانیی نەتەوەکان و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت.

* بەرپرسی هەموو ئەم کوشتار و تاوانانەی بەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیو دەکرێت هەموو سیستەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندەکانیەتی و ئەم تاوانە وەکوو تاوانەکانی ڕژێمی شا لە زەینی خەڵک و وەکوو بیرەوەرییەکی مێژوویی تاڵ دەمێنێتەوە.

* ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و سەلماندنی مافی نەتەوەکان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیان دەبێت بنەمای نەگۆڕی سیستەمی سیاسیی پاش کۆماری ئیسلامیی ئێران بن. هەر سیستەمێک کە لەسەر بنەمای ئیرادەی خەڵک نەبێ و خۆی لەگەڵ دەسەڵاتە سەرکوتکارەکانی پێشوو یەکلا نەکاتەوە، دووپاتکردنەوەی ئەو کارەساتانەیە کە لە دەسەڵاتەکانی پیشوودا ڕوویانداوە.

کۆمەڵە وەکوو هەمیشە هاوشان و لەگەڵ خەڵک بەرامبەر بە سەرکوت و بۆ گەیشتن بە ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی و مافی چارەی خۆ نووسین، دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری تێدەکۆشێ و خەبات دەکا.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**١٤ی بەفرانباری ١٤٠٤**

## دواستون

# مانفیستی ئێمە هەنگاونان بۆ پێشەوەیە...

٤٧ ساڵ لەمەوبەرەوە و لە وەها ڕۆژانێکدا سێ ڕەوتی جیاواز لە باری فیکری و سیاسییەوە، بە هیوای دەستەبەرکردنی ئازادیی و بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی باشتر و ئینسانیی، شۆڕشێکیان لە ناو قوڵایی دڵی کۆمەڵگای ئێراندا هەڵگیرساند کە سەرەنجامەکەی بوو بە ڕوخانی رژیمی پاشایەتی. ڕووخانی دەسەڵاتی شا و ڕێژیمی پەهلەوی، یەکێک لە گرینگترین گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستەم بوو کە سیمای سیاسیی ئێران و گشت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی. ئەگەرچی ئەم شۆڕشە بە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی واتە ئازادی و ڕزگاری نەگەیشت و ئاواتی جەماوەری ڕاپەڕیو سەرەنجام کەوتە بەندی تاریکستانێکی خۆفناکەوە، بەڵام ئەم ڕووداوە گرینگە پێویستییەکی مێژوویی بوو کە هەروەک بەردی تواوەی گڕکان لە قووڵایی کۆمەڵگاوە هەڵچووبوو. جەماوەری خرۆشاو لەسەر شەقامەکان بۆ ڕزگاری لە دیکتاتۆریی ڕژیمی شاو تاوان وجینایەتی ساواک و بۆ نان و ئازادی دەستیان دایە ڕاپەڕین و یەکدەنگ هاتنە سەر شەقام و بە دروشمی نا بۆ دەسەڵاتی شا، شۆڕشێکی بێ وێنەیان ڕێکخست و کۆتاییان بە پەنجا و حەوت ساڵ ستەم و سەرەڕۆیی بنەماڵەی پەهلەوی هێناو دەفتەری بنەماڵەی پەهلەویان بۆ هەمیشە لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی داخست. ئەم شۆڕشە نیشانی دا کە شا "سێبەری خودا" نییە و دەتواندرێ بیڕوخێنی. لە شۆڕشی ڕێبەنداندا خەڵک بە دروشمی "مەرگ بۆ شا" لەسەر بنەمای ئەوەی کە نەیانویست، هاتنە مەیدان، نەک ئەوەی کە دەیانەویست. کەواتە مەحاڵە ئەم ڕۆژانە بگەڕێنەوە.

ئەم ڕۆژانە لەگەڵ سەرهەڵدانی دووبارەی ناڕەزایەتییەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران، ڕەوتەکانی لایەنگری دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆنەپەرستان بەردەوام هەوڵ دەدەن بە بیانوی جۆراوجۆر شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە ناڕەوا پێناسە بکەن و جەماوەری کرێکار و ستەملێکراوی ئێران بەخاتری ڕووخاندنی ڕژیمی پاشایەتی سەرکۆنە دەکەن و دەڵێن خەڵک نەدەبوایە ئەو شۆرشە بکەن چۆن بە بڕوای ئەوان ئێرانی سەردەمی ئەوان باشتر بوو. ئەگەرچی ئەم شۆڕشە سەرەنجام لەگەڵ شکست و زەوتکرانی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕوو بۆوە و کۆمەڵگای ئێران دووبارە بۆوە بە زیندانێکی گەورە بۆ ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕان، بەڵام هیچ کام لەم هۆکارانە ناتوانن ڕەوابوون و پێویستیی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم شۆڕشە کەمڕەنگ و لە گرینگیی مێژوویی کەم بکەنەوە. شۆڕشی ڕێبەندان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ئاکامی ڕاستەوخۆی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ گۆڕانی بنەڕەتی. لە ڕاستیدا ئەم شۆرشە تێپەر بوون لە نیزام و دەسەڵاتی پاشایەتی بوو.

کۆمەڵگای ئێران لە هەموو ئاستەکانیدا، تینووی ئازادی و ڕزگاری لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی شا بوو. هەربۆیە مانگرتنی کرێکاری و بەرینایی شەپۆلەکانی شۆڕش لە کۆمەڵگای ئێراندا ئەوەندە بەرین و پڕخرۆش بوون کە ڕێژیمی شا نەیدەتوانی کۆنترۆڵ و سەرکوتیان بکات. سەرەنجام ئەم گۆڕانکارییانە بوو بەهۆی ڕووخانی نیزامی پاشایەتیی. کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەئێستادا تینووی شۆڕشێکی دیکەیە. شۆڕشێک کە ئەمجارەیان کۆنترۆڵ نەکراو بێت. پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و ئاگری تووڕەییەکی پەنگخواردوو کە هەر دەم گۆشەیەکی بڵێسە دەستێنێت، نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مێژووییە کە بەڕێوەیەو ئەم ئاڵووگۆرەش جێگایەکی بۆ دەسەڵاتی شاو شاپەرەستان نیە. شۆڕشی ئێستا مزگێنیدەری ڕزگاریی مرۆڤە لە چەوسانەوە و ستەم و نایەکسانی.